Available online at http://aran.garmian.edu.krd

Aran Journal for Language and Humanities

https://doi.org/10.24271/ARAN.2025.01-01-20

# کارایی بەکارهێنانی ستراتیجی کارتی پرسیارەکان لەسەر دەستکەوت و گەشەپێدانی بیرکردنەوەی نزیکراوەیی لای خوێندکارانی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی لە بابەتە کۆمەڵایەتییەکان

## (توێژینەوەیەکی هەڵهێنجراو لە نامەی ماستەر)

احمد حسن حسێن[1]، کریم احمد عزیز[2]، احمد محمد ناصر[3]

١- بەشی زانستە کۆمەڵایەتیەکان، کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی گەرمیان، هەرێمی کوردستان – العراق
٢- بەشی باخچەی منداڵان، کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی گەرمیان، هەرێمی کوردستان – العراق
٣- بەشی مێژوو، کۆلێجی پەروەردە، زانکۆی گەرمیان، هەرێمی کوردستان – العراق

**Article Info**

| Received | May, 2025 |
|---|---|
| Accepted | July, 2025 |
| Published: | August , 2025 |

**Keywords**

( کارایی ، ستراتیجی کارتی پرسیارەکان ، دەستکەوت ، گەشەپێدانی بیرکردنەوەی نزیکراوەیی )

**Corresponding Author**

ahmadjaff195@gmail.com
Karem.ahmad@garmian.edu.krd
ahmad.nsir@garmian.edu.krd

**پوختە:**

ئامانجی لەم توێژینەوەیە زانینی (کارایی بەکارهێنانی ستراتیجی کارتی پرسیارەکان لەسەر دەستکەوت و گەشەپێدانی بیرکردنەوەی نزیکراوەیی لای خوێندکارانی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی لە بابەتە کۆمەڵایەتییەکان)، لەپێناو ئەو ئامانجە توێژەر دیزاینی (نیمچە کۆنترۆلکراو) بەکارهێناوە لەگەڵ ڕێکارەکانی توێژینەوەکە. کۆمەڵگەی توێژینەوەکەش بریتیە لە خوێندکارانی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی لە سنوری بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی کەلار، بۆ دەستنیشانکردنی نموونەی توێژینەوە بە مەبەست قوتابخانەی (شێخ حسێن)ی بنەڕەتی هەڵبژاردرا کە لە بنەڕەتدا زیاترن لە دوو گروپ، توێژەر بەشێوەی (هەڕەمەکی سادە) دووگروپی هەڵبژارد و گروپەکان لەم گۆڕاوانەدا هاوسەنگکران( نمرەی بابەتی کۆمەڵایەتی ساڵی پێشوو- تەمەن – ئاستی زیرەکی- ڕادەی خوێندواری دایك وباوك – تاقیکردنەوەی زانیاری پێشینە )، وەتوێژەر بۆ دیاریکردنی بابەتەکانی خوێندن لە ماوەی ئەزموونیدا، (٣) بەندی پەرتوکی بابەتەکۆمەڵایەتیەکانی هەڵبژارد، لەپێناو دارشتنی ئامانجەکانی توێژینەوە و بەپێی ناوەڕۆکی بابەتەکە توێژەر(١٥٠) ئامانجی دارشت لەسەر بنەمای پۆلێنکردنی بلۆم لە بواری مەعریفیدا لە ئاستەکانی (بەیادهاتنەوە- تێگەیشتن -جێبەجێکردن – شیکردنەوە)، توێژەر تاقیکردنەوەیەکی ئامادەکرد لەسەر دەستکەوتی خوێندن پێکهاتبوو لە (٣٠)برگەی لە جۆری (هەڵبژاردن)، هەروەها تاقیکردنەوەیەك بۆ گەشەپێدانی بیرکردنەوەی نزیکراوەی پێکهاتبوو لە(٣٠) برگە، بۆ دڵنیابوون لە ڕاستێتی و جێگیری ئامرازەکانی توێژەر شیکارکردنی ئاماری پێویستی ئەنجامدا ودەرکەوت هەردوو جۆری تاقیکردنەوەکەی شیاون، بۆ ئامارکردنی داتاکانی توێژینەوەکەی توێژەر بەرنامەی(٣٠ spss ) بەکارهێنا.

ئەنجامەکانی توێژینەوەکە ئەوەیان دەرخست کە: (جیاوازی مانادارى ئاماری هەیە لە نێوان ناوەندە ژمێرەیی نمرەکانی پێشی وپاشی خوێندکارانی گرووپی ئەزموونی لە تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی نزیکراوەیی بەراورد بە ناوەندە ژمێرەی نمرەکانی پێشی وپاشی خوێندکارانی گرووپی کۆنترۆڵکراو لە بەرژەوەندی گرووپی ئەزموونیدایە. هەروەها جیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەیە لە نێوان ناوەندی ژمێرەیی دەستکەوتی خوێندکارانی گرووپی ئەزموونی بەراورد بە ئاستی دەستکەوتی گرووپی کۆنترۆڵکراو، لە بەرژەوەندی گرووپی ئەزموونیدایە. لە ژێر ڕۆشنایی ئەنجامەکان توێژەر چەند ڕاسپاردە و پێشنیازێکی خستەڕوو.

## پێشەکی

توێژینەوەی پەروەردەیی بوارێکی زانستی و پراکتیکییە کە مەبەست لێی لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی پرۆسەکانی فێرکردن و فێربوونە، ڕێگاکانی وانەووتنەوەش بناغەی پرۆسەی فێرکردن و فێربوونن کە کاریگەری ڕاستەوخۆیان لەسەر تێگەیشتنی خوێندکاران هەیە، لە سەردەمی ئەمڕۆدا ئەم ڕێگایانە بەردەوام پەرەدەسێنن بۆ وەڵامدانەوەی پێداویستیەکانی خوێندکاران. مامۆستای سەرکەوتوو دەتوانێت چەندین ڕێگای جیاواز بەکاربهێنێت کە لەگەڵ سروشتی بابەت و تایبەتمەندی خوێندکاراندا گونجاو بێت، هەربۆیە بابەتی مێژوو ڕۆڵێکی کاریگەری لە پرۆسەی پەروەردەییدا هەیە. ئەمەش لە ڕێگەی ئەو زانیاری و ڕاستیانەی لە میانەی بابەتی مێژووەوە دەخرێنە ڕوو بە ڕێگا و شێوازە نوێیەکانی وانەووتنەوە، هاوکات مێژوو وەک بابەتێکی ناو پرۆگرامەکانی خوێندن ڕۆڵی گرنگی هەیە لە تێگەیاندنی خوێندکاران بۆ ڕووداوە مێژوویەکان و لەوێشەوە گەشە بە بیرکردنەوەی زانستی و ئارەزوو و تواناکانی دەدات بە مەبەستی ڕووبەڕووبوونەوەی هەڵویستەکانی نێو ژیان.

ئامانجی سەرەکی توێژینەوەی پەروەردەیی دۆزینەوەی ڕێگا باشەکانی وانەوتنەوە و فێربوونە، لەگەڵ پێشخستنی کوالیتی سیستەمی پەروەردە، گرنگی ئەم بوارە لەوەدایە کە ئەنجامەکانی دەتوانن بەکاربهێنرێن بۆ باشترکردنی سیستەمی پەروەردەیی و پەرەپێدانی بەرنامەکانی خوێندن و پێشخستنی بەدەستهێنانی خوێندکاران لە هەموو ئاستەکاندا.

## ١- بەشی یەکەم : ناساندنی توێژینەوەکە

### ١-١ کیشەی توێژینەوەکە : Research Problems

زۆرێک لە مامۆستایانی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان تائێستاش لە پرۆسەی وانەوتنەوەدا بەڕێگا و شێوازە کۆن و باوەکانی وانەوتنەوە پەیوەستن و وانەدەڵێنەوە ، کە تیایدا لەبری خوێندکار مامۆستا تەوەرەی سەرەکی وانەوتنەوەیە وتارادەیەك خوێندکار لەبەشداریکردن وچالاکی پشتگوێخراوە ، ئەمەش کاریگەریی نەرێنی هەیە لەسەر بیرکردنەوە و دەستکەوتی خوێندنیان ، ئەمەش پشتڕاستکراوەتەوە لە توێژینەوەکانی (العبدالله والشرهانی، ٢٠٢٤ : ١٧ )و (الصائغ، ٢٠١٤ : ٣ )و(أبودکه، ٢٠٢٤ : ٣٠٥ )و(الصیادی و أبوالهامل، ٢٠١٩ : ١٣٤ )، ئەمە سەرەڕای ئەوەی لە زۆربەی کۆنگرە و کۆنفراسە پەروەردەییەکانی وەزارەتی پەروەردەی عێراق و هەرێمی کوردستان کە زیاتر جەخت لەسەر بەکارهێنانی ستراتیجییە نوێیەکانی وانە ووتنەوە دەکەنەوە و بەپێویستی دەزانن نوێگەرییە پەروەردەیەکان پەیرەو بکرێت (محمد، ٢٠٢٢: ١ )، دابەزینی ئاستی تێگەیشتنی خوێندکار لەبابەتەکانی خوێندن و دەستکەوتیان و نەبونی گەشەپێدانی بیرکردنەوەی بەیەکێک لە گیروگرفتە باوەکان دادەنرێت لە قۆناغەکانی خوێندنی بنەڕەتیدا لە وولاتە تازە پێگەیشتووەکاندا، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ڕاهاتنی مامۆستایان لەسەر شێوازی وانەوتنەوەی کۆن و شارەزانەبوون یاخود پەیڕەونەکردن لەو ستراتیژ و ڕێگایانەی کە خوێندکار دەکەنە تەوەرەی سەرەکی لە پرۆسەی فێربوون.

توێژەر لە ڕوانگەی هەستکردن بەبوونی ئەم گرفتە هەڵوێستەی کردووە، کە هەوڵیداوە لە ڕێگەی بەکارهێنانی ستراتیجی (کارتی پرسیارەکان)ەوە گرفتەکانی توێژینەوەکەی بە شێوەی پرسیار بخاتەڕوو بەم شێوەیە:-

- ئایا بەکارهێنانی ستراتیجی کارتی پرسیارەکان ، کارایی دەبێت لەسەر دەستکەوتی خوێندن لای خوێندکارانی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی؟
- ئایا بەکارهێنانی ستراتیجی کارتی پرسیارەکانی ، کارایی هەیە لەسەر بیرکردنەوەی نزیکراوەیی لای خوێندکارانی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی بۆ بابەتە کۆمەڵایەتیەکان؟

### ٢-١ گرنگی توێژینەوەکە : The Importance of Research

یەکێك لەو لایەنە گرنگانەی کە ئاستی کارامەییەکانی مامۆستا نیشاندەدات بریتییە لە گرتنە بەری ئەو ڕێگاو ستراتیجیانەی کە کاراییان سەلمێندراوە و گونجاون لەگەڵ ئاستی گەشەی خوێندکار و ژینگە و بابەتی خوێندندا (زیتون، ٢٠٠٣ : ٨ )، ستراتیژە نوێیەکانی وانەوتنەوە جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە دەبێت خوێندکار تەوەری سەرەکی و چەق چالاکیەکان بێت لە پرۆسەی فێربووندا ئەگەرنا وانەوتنەوە نابێتە پرۆسەیەکی کارا، بۆیە باشتر وایە مامۆستا لەو ستراتیجیەت و ڕێگا و شێوازانەی لەناو پۆلدا دەیگرێتەبەر خوێندکار تێیاندا کارابێت و ڕۆڵی چالاک بگێڕێت (محمد، ٢٠١٥ : ١ ) سەردەمی ئێستا گەواهی ئەو گۆڕانکاری و پێشکەوتنە خێراییانەن کە لەم بوارەدا دەبینرێت لەوانەش پێشکەوتن و گەشەسەندنی زانستی تەکنەلۆژیای پەروەردەیی و کرانەوەی بەڕووی جیهاندا کە بوەتە هۆی ڕوودانی گۆڕانکاریی بنچینەیی و گرنگ لەسەرجەم بوارەکانی ژیان و کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر پەیرەوی پەروەردەیی هەیە و چەندین بزافی بەخۆوە بینیوە کە بانگەوازیان بۆ پەرەپێدانی خوێندن و فێرکردن کردووە(مصطفی، ٢٠٢٣ : ٤ ) ، لە ژێر ڕۆشنایی زیادبوونی ئارەزووی پەرەپێدانی بیرکردنەوەدا، چەندین ستراتیژ و مۆدێلی فێرکاری سەریانهەڵداوە کە ئامانجیان وەبەرهێنان و پەرەپێدانی بیرکردنەوەیە (شامیة، ٢٠١٢ : ٣ ).

ستراتیژە نوێیەکانی وانەوتنەوە ژینگەیەکی دەروونی پڕ چێژ دەرەخسێنێت کە ئاسودەیی بە خوێندکار دەبەخشێت کە دواجار فێربوونێکی کاریگەری لێدەکەوێتەوە ، فێربوونێک دەتوانێت بەکاربهێنێت لە هەڵوێستێکی نوێ و جیاواز، کاراش بێت بەوەی بتوانێت بۆ ماوەیەکی زۆرتر بمێنێتەوە لە هزر و ڕەفتاری تاک (عزیز، ٢٠٢١ : ٧ ).

لەژێر ڕۆشنایی ئەوەی باسکرا گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەم خاڵانەی خوارەوە گەلاڵە دەبێت:

١- سوود گەیاندن بە مامۆستایانی بابەتە کۆمەڵایەتیەکان لە ڕووی چۆنیەتی پراکتیزەکردنی هەنگاوەکانی وانەوتنەوە بەم ستراتیجیەتە.

٢- پێشبینی دەکرێ ستراتیجی کارتی پرسیارەکان وا لە خوێندکار بکات زیاتر گرنگی بەوانەکانی بدات و کاراتر رۆڵی تێدا ببینێت و وا لە خوێندکاران دەکات چەندین لێهاتوویی وەک خوێندنەوە و دروستکردنی پرسیار و ئاڵوگۆری بیرۆکەکان پەرە پێبدات و بەشێوەیەکی چالاك بەشداری لەوانەکەدا بکەن.

٣- بەسوودە بۆ توێژەران و بەشداری توێژینەوەکانی داهاتوو دەکات، سەرئەنجام دەبێتە هۆی دەوڵەمەندکرنی کتێبخانە و سەرچاوە کوردییەکان لە بواری رێگاکانی وانەوتنەوە .

٤- توێژەر لەوبڕوایە دایە ئەنجامدانی توێژینەوە دەربارەی کاریگەری بەکارهێنانی ستراتیجییەتی( کارتی پرسیارەکان)لە بابەتەکۆمەڵایەتیەکان ، دەبێتە یەکەمین توێژینەوە لە هەرێمی کوردستان.

## ١-٣ ئامانجی توێژینەوەکە : The Purpose of the Research

١-زانینی کارایی بەکارهێنانی ستراتیجی کارتی پرسیارەکان لەسەر دەستکەوتی خوێندن لای خوێندکارانی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی لە بابەتی مێژوودا.

٢- زانینی کارایی بەکارهێنانی ستراتیجی کارتی پرسیارەکان لەسەر گەشەپێدانی بیرکردنەوەی نزیکراوەیی لای خوێندکارانی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی لە بابەتی مێژوودا.

## ١-٤ گریمانەی توێژینەوەکە : Research Hypothesis

**گریمانەی یەکەم:** جیاوازی مانادارێ ئاماری نییە لە ئاستی (٠،٠٥) لە نێوان ناوەندە نمرەی خوێندکارانی گروپی ئەزموونی کە بە ستراتیجییەتی (کارتی پرسیارەکان) وانەیان پێدەوترێتەوە، لەگەڵ ناوەندە نمرەی خوێندکارانی گروپی کۆنترۆلکراو کەهەمان بابەت بەرێگەی ئاسایی وانەیان پێدەوترێتەوە لە تاقیکردنەوەی دەستکەوتی خوێندندا.

**گریمانەی دووەم:** جیاوازی مانادارێ ئاماری نییە لە ئاستی (٠،٠٥) لە نێوان ناوەندە نمرەی خوێندکارانی گروپی ئەزموونی کە بە ستراتیجییەتی (کارتی پرسیارەکان) وانەیان پێدەوترێتەوە، لەگەڵ ناوەندە نمرەی خوێندکارانی گروپی کۆنترۆلکراو کەهەمان بابەت بەرێگەی ئاسایی وانەیان پێدەوترێتەوە لە تاقیکردنەوەی پێشی و پاشی گەشەپێدانی بیرکردنەوەی نزیکراوەیی بەرەو بابەتی خوێندن.

## ١-٥ سنووری توێژینەوەکە : The Frontier of Research

١-سنوری مرۆیی: خوێندکارانی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی لە قوتابخانە بنەڕەتییەکانی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی کەلار.

٢-سنوری کات: وەرزی یەکەمی ساڵی خوێندنی (٢٠٢٤-٢٠٢٥).

٣-سنوری بابەت: بەندەکانی (یەکەم ، دووەم ، سێیەم) لە (پەرتوکی بابەتە کۆمەڵایەتیەکان – مێژوو)، چاپی دووەم،٢٠٢٤.

٤-سنوری شوێن : قوتابخانەی (شێخ حسینی) بنەڕەتی لە ناحییەی رزگاری، لە سنووری بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی کەلار.

## ١-٦ پێناسەی زاراوەکان : Definition of Terms

### ٦-١-١ کارایی Effectiveness

- (الياسري، ٢٠٢٤) بریتییە لە توانای هێنانەدی گەشەکردن و گەشەسەندنی ئەرێنی بەردەوام و خوازراو و مەبەستدار کە پەیوەستە بە کۆمەڵێک گۆڕاوەوە (الياسري،٢٠٢٤ : ١٦ ).

- (الدريج وآخرون، ٢٠١١) بریتیە لە " تواناداریە لەجێبەجێکردنی ئامانجە خوازراوەکانی فێربوون بەپێی پێوەرێکی دیاریکراو لەپێناو گەیشتن بە ئەنجامە ویستراوەکان (الدريج و اخرون، ٢٠١١ : ١٤٣ ).

- پێناسەی رێکاری توێژەر: بڕی کاریگەری چاوەڕوانکراوە لە بەکارهێنانی ستراتیجی (کارتی پرسیارەکان )گۆڕاوێکی سەربەخۆیە لەسەر هەردوو گۆڕاوی پاشکۆ، دەستکەوتی خوێندکارانی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی و گەشەپێدانی بیرکردنەوەی نزیکراوەیی بەرەو بابەتە کۆمەڵایەتییەکان/مێژوو.

### ٦-١-٢ ستراتیجی Strategy

- (أبو شمس، ٢٠١٦) کۆمەڵێک رێکارە کە مامۆستا لەگەڵ خوێندکارەکانی پەیرەوی دەکات و لە رێگەیانەوە بە پێی هەنگاوە سیستماتیک و رێکخراوەکان بەردەوام دەبێت (أبو شمس، ٢٠١٦ : ٨ ).

- (زاير و عايز، ٢٠١١) کۆمەڵێک رێکار و شێوازی بەکارهێنراوە لەوانەوتنەوەدا بەکارهێنانیان وا لە خوێندکاران دەکات کە سوود لە ئەزموونە پەروەردەییەکان وەربگرێت بۆ گەیشتن بە ئامانجە فێرکارییە خوازراوەکان (زاير و عايز، ٢٠١١ : ١٧٢ ).

- پێناسەی رێکاری توێژەر: ستراتیجی بریتییە لە کۆمەڵێک میتۆد و تەکنیک کە لە دۆخێکی فێربووندا بەکاردەهێنرێن بە شێوەیەکی رێکخراو بەکارهێنانەکەی دەبێتە هۆی گەیشتن بە ئامانجی گشتی یان کۆمەڵێک ئامانج.

### ٦-١-٣ کارتی پرسیارەکان Question Cards

- (عەلی، ٢٠٢١) پێناسەی دەکات بەوەی : " ستراتیژێکی فێرکارییە گونجاوە بۆ خوێندکارانی قۆناغی بنەڕەتی و بۆ زۆربەی بابەتەکان گونجاوە بەکاربێت ، رۆڵی خوێندکار چالاک دەکات و دەتوانرێت لە سەرەتاوە یان لەکاتی وانەکە یان لە کۆتایی وانە بەکاربهێنرێت"(علي،٢٠٢١: ٢٤٨).

- (رفاعی، ٢٠١٢) پێناسەی دەکات بەوەی : " کردارێکی ڕێکارانەیە کە لەلایەن مامۆستاوە ڕێکدەخرێت لەناو پۆلدا بە بەشداری هەموو خوێندکاران پراکتیزە دەکرێت و ئەنجام دەدرێت، هەروەها بۆ زانین و فێربوون ئاسانکاریان بۆ دەکرێت" (رفاعی، ٢٠١٢ : ٥٣ ).

- پێناسەی ڕێکاری توێژەر: لە کۆمەڵێک ڕێکار پێکهاتووە لەسەر بنەمای فێربوونی هاوبەش کە لەلایەن مامۆستا و فێرخوازەوە ئەنجام دەدرێت، مامۆستا بەشێوەی پرسیار و وەڵام وانەکە ئامادە دەکات بەجۆرێک کە هەر کارتێک (دوو پرسیار و دوو وەڵام)ی تێدایە و فێرخواز کارتێك هەڵدەگرێت پرسیار لە هاوکارەکەی دەکات و یارمەتی پێشکەش دەکات پاشان کارتەکە دەگۆڕنەوە لەکاتی زانینی وەڵام سوپاسی یەکتر دەکەن.

## ٦-١-٤ بیرکردنەوەی نزیکراوەیی : Convergent Thinking

- (إبراهيم و محمد، ٢٠٢٠) پێناسەی دەکات بەوەی : " ئەو بیرکردنەوەیەیە کە پێویستە تاک یەک وەڵامی دروست بداتەوە بۆ ئەو دۆخە یان کێشەیەی کە ڕووبەڕووی دەبێتەوە، وەک چۆن مەبەست لێی بەرهەمهێنانی زانیارییە کە ڕاست بێت، جەخت لەسەرگەیشتن بە وەڵامە قبوڵکراوەکان و گەیشتن بە باشترین ئەنجامەکان دەکاتەوە " (إبراهيم و محمد، ٢٠٢٠ : ١٥٩ ).

- (رزوقی و استبرق، ٢٠١٩) پێناسەی دەکەن بەوەی : "پێیان وایە بیرکردنەوە لە چوارچێوەی کێشەیەکدا بوونی هەیە کە بەزۆری هەمەچەشن و جۆراوجۆرین، وە ئەم کێشانەش تایبەتمەندە بەوەی کە ڕوونبن و شایەنی چارەسەرکردبن (رزوقی و استبرق، ٢٠١٩ : ١٣٦ ).

- پێناسەی ڕێکاری توێژەر: بیرکردنەوەی نزیکراوەیی سەرنج دەخاتە سەر پرۆسەی گەیشتن بە باشترین چارەسەر بۆ کێشەیەک یان وەڵام بۆ پرسێک، وەک چارەسەرکردنی پرسیارێکی فرە هەڵبژاردن، واتا گەڕانە بەدوای چارەسەرێکی دروست بۆ کێشەیەک.

# ٢- بەشی دووەم : چوارچێوەی تیۆری و توێژینەوەکانی پێشوو

## ٢-١ فێربوونی چالاک (Active Learning)

فێربوونی چالاک کاردەکات بۆ گرنگیدان بە فێرخواز، وەک سەنتەری پرۆسەی پەروەردە وفێرکردن، پاشان ڕۆڵی نەرێنی ئەوکەم دەکاتەوە بە دروستکردنی ژینگەی پەروەردەیی کە یارمەتیدەرە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی بەشداری فێرخوازان بۆ زیاتر لە تەنها گوێگرتن و ئاسانکاری بۆ بنیاتنانی چالاکانەی زانین، کەتوانای فێرخواز باشتر دەکات بۆ بیرهێنانەوەی، هەروەها جگە لە بەرزکردنەوەی بیرەوەری، فێربوونی چالاک پێویستی بە فێرخوازان هەیە کە تواناکانی بیرکردنەوەی پلە باڵاکانی وەک شیکاری، کۆکردنەوە و هەڵسەنگاندن بەکاربهێنن، و بەشداری لە چالاکییە جۆراوجۆرەکانی وەک خوێندنەوە، نووسین و گفتوگۆ، جگە لەو گرنگییە زۆرەی کە دەدات بە یارمەتیدانی فێرخوازان بۆ دۆزینەوە هەڵوێست و بەهاکانیان.)

(Fox-Cordamone & Rue, 2003:4).

## ٢-٢ ستراتیجی کارتی پرسیارەکان Question Cards Strategy

### ٢-٢-١ چەمکی ستراتیجی کارتی پرسیارەکان

ستراتیجی کارتی پرسیارەکان جەخت لەسەر هاوکاری خوێندکاران لەگەڵ یەکتر دەکاتەوە، ئەم ستراتیجیە یەکێکە لە بەکارهێنانەکانی ستراتیجی فێربوونی چالاک (النساء، ٢٠٢٠ : ٢٠ ) ئاڕاستەی بانگهێشتکەرە کە خوێندکار بەشدارییەکی چالاک بێت لە پرۆسەی فێربوون و جەخت لەسەر ئەرێنی و کارایی و زیندوویی خوێندکار دەکاتەوە لە پرۆسەی فێربووندا، ئەمەش وەك وەڵامدەرەوەی ئەو ڕەوتە باوەی کە بە نەرێنی خوێندکار لە پرۆسەی فێربووندا بەردەوام دەکات و ڕۆڵی تەنها لە وەرگرتندا سنووردار دەکات (فردوس، ٢٠١٨ : ١٠ ).

### ٢-٢-٢ ئامانجەکانی ستراتیجی کارتی پرسیارەکان

١- لەڕێگەی ستراتیجی کارتی پرسیارەکان مامۆستای بابەتەکە ، دەتوانێت ڕادەی تێگەیشتنی خوێندکاران بزانێت و ئاستی زانەکییان دیاری بکات.

٢- زیادکردنی پاڵنەر و چالاکی و جوڵە لەناو پۆلدا.

٣- بەرزکردنەوەی متمانە بەخۆبوونی فێرخواز.

٤- پەرەپێدانی تواناکانی بەشداری گرووپی و گفتوگۆ و نووسین و خوێندنەوە و گوێگرتن.

٥- پەرەپێدانی توانای پەیوەندی ئەرێنی لە نێوان خوێندکاراندا.

٦- پەرەپێدانی تواناکانی بیرکردنەوە بە شێوازی جۆراوجۆر.

٧- پەرەپێدانی لێهاتوویی دروستکردنی پرسیار و زانینی وەڵامەکەی (مارزانۆ و پۆلۆک، ٢٠٠١ : ٧٥ ).

### ٢-٢-٣ هەنگاوەکانی ستراتیجی کارتی پرسیارەکان

١- مامۆستا کارتەکان ئامادە دەکات هەرکارتێک لە دوو پرسیار و دوو وەڵام پێکدێت.

٢- دابەشکردنی کارت بەسەر سەرجەم خوێندکاراندا.

٣- مامۆستا داوا لە هەر خوێندکارێک دەکات بەدوای (هاوکارێکدا)هاوپۆلێکیدا بگەڕێت.

٤- خوێندکاری یەکەم دوو پرسیار لە هاوکارەکەی دەکات.

٥- خوێندکاری دووەم دوو پرسیار لە هاوپۆلی یەکەمی دەکات.

٦- ئەگەر خوێندکار وەڵامی نەداتەوە هاوکارەکەی وەڵامەکەی پێدەڵێتەوە .

٧- سوپاسی یەکتر دەکەن و هەریەکەیان بەدوای هاوکارێکی نوێدا دەگەڕێن.
٨- لەوانەیە دواتر کارت بگۆڕنەوە و بەدوای هاوکارە نوێیەکاندا بگەڕێن (الشمری، ٢٠١١ : ٩٦ ).

## ٢-٢-٤ تایبەتمەندییەکانی ستراتیجی کارتی پرسیارەکان

١- فێرخواز دەکاتە چەق وسەنتەری پرۆسەی پەروەردەیی.
٢- هاندانی هاوکاری نێوان خوێندکاران، ئەمەش هاندەرە بۆ گیانی بەشداریکردن و کاری تیمی.
٣- ڕێگەدان بە فێرخواز تاوتوێی زانیاری بکات لەڕێگەی پێشکەشکردنی بیرۆکە لە نێوان خوێندکاراندا.
٤- هانی بیرکردنەوە دەدات بۆ گەیشتن بە وەڵامە دروستەکان (فرانک، ٢٠٠٣ : ٨٤ ).
٥- دروستکردنی ژینگەیەکی چێژبەخش و کارلێککاری لەناو پۆل.
٦- چالاککردنی ڕۆڵی خوێندکاران لە ڕێگەی ئەو پرسیارانەی دەیکەن و هەڵسەنگاندنی وەڵامەکە (الحلفی، ٢٠١٨ : ٦٣ ).

## ٣-٢ بیرکردنەوەی نزیکراوەیی Convergent Thinking

### ٢-٣-١ بنەماکانی بیرکردنەوەی نزیکراوەیی

١- بنەمای بەکارهێنانی حوکمدانی ئەرێنییە بە سەیرکردنی لایەنە ئەرێنییەکانی ئەو بژاردانەی کە دەخرێنەڕوو، پاشان سەیرکردنی کەموکورییەکانیان و میکانیزمی دەستکاریکردن یان باشترکردنیان.
٢- ئەم بنەمایە بەندە بە هەبوونی پلانی پێشوەخت و ڕوون لە شیکردنەوە، پشکنین و پەرەپێدانی بەدیلەکان.
٣- بنەمای جدی بوون، کە جەخت لەسەر بارودۆخە نوێ و نامۆکان دەکاتەوە کە شایەنی سەرنجدانن لە کاتی پرۆسەی بیرکردنەوەی لێکنزیکبوونەوەدا.
٤- پرەنسیپی ئاراستەکردنی ئامانج و جەخت لەسەر گرنگی زانینی ئامانجی بنەڕەتی بیرکردنەوەی نزیکراوەیی دەکاتەوە (ابراهیم، ٢٠٢٤ : ٢٠٤ ).

### ٢-٣-٢ تایبەتمەندیەکانی بیرکردنەوەی نزیکراوەیی

١- بیرکردنەوە بریتییە لە ڕەفتارێکی ئامانجدار کە بێ ئامانج ڕوونادات.
٢- بیرکردنەوە پرۆسەیەکە لە پەرەسەندندایە کە لەگەڵ گەشەکردنی تاک و کەڵەکەبوونی ئەزموون ئاڵۆزتر دەبێت.
٣- بیرکردنەوەی کاریگەر لەسەر بنەمای باشترین زانیارییە.
٤- بیرکردنەوە لە یەکتربڕینی توخمەکانی دەوروبەرەوە دروست دەبێت کە کات، دۆخ یان بۆنە و ئەو بابەتەی کە بیرکردنەوە لە دەوری ڕوودەدات و لەخۆدەگرێت.
٥- بیرکردنەوە بە شێوە و نەخشەی جیاواز ڕوودەدات: زارەکی، ڕەمزی، چەندایەتی، فەزایی و هەریەکەیان تایبەتمەندی خۆی هەیە.
٦- بیرکردنەوە پەیوەستە بەو زانیاری و ئەزموونانەی پێشوو کە لە مێشکی تاکدا جێگیر بوون.
٧- بیرکردنەوە کارکردی کەسایەتی خوودی مرۆڤە، بەو پێیەی بەشێکی کارایی پێکهاتە و کولتوور و ژینگەی کەسەکەیە.
٨- بیرکردنەوە لە ئەزموونی هەستی تاکەوە دەست پێدەکات (الریاشی، ٢٠١٦ : ٣٥ ).

### ٢-٣-٣ گرنگی فێرکردنی بیرکردنەوەی نزیکراوەیی

١- ڕێگە بە خوێندکار دەدات شتەکان بە ڕوونی و فراوانتر ببینێت بۆ ئەوەی بیرۆکەی داهێنەرانەتر لە چارەسەرکردنی کێشەکاندا دروست بکات.
٢- ڕەخساندنی دەرفەت بۆ خوێندکاران بۆ بیرکردنەوەی ئەرێنی، ئەمەش یارمەتیان دەدات بیرۆکەی نوێ بخەنە ڕوو.
٣- ئامادەکردنی خوێندکاران بۆ کێبڕکێ لەسەر دەرفەتی خوێندن و کار و سوود.
٤- بەدەستهێنانی زانستی نوێ و جێگرتنەوەی زانستی کۆن.
٥- یارمەتیدەرە بۆ خوێندکار لە بەدەستهێنانی زانیارییەوە بۆ بەکارهێنان و لێکۆڵینەوە لە چارەسەرکردنی کێشە.
٦- پەرەپێدانی چەمکی خود و بەهێزکردنی هەستی سەربەخۆیی و هەستکردن بە بەرپرسیارێتی بەرامبەر کۆمەڵگا (البیضاني، ٢٠٢١ : ١٧٥ ).

### ٢-٣-٤ پێکهاتەکانی بیرکردنەوەی نزیکراوەیی

١- پرۆسەی مەعریفی ئاڵۆز وەک چارەسەرکردنی کێشە، پرۆسەی مەعریفی کەمتر ئاڵۆز وەک تێگەیشتن، بەکارهێنان و دەرئەنجامدان لە پرۆسەکانی کۆنترۆڵکردن و ڕێنماییکردن.
٢- زانیاری تایبەت لەسەر ناوەڕۆکی ئەو بابەتە یان بابەتێک کە فێرخواز فێری دەبێت.
٣- ئارەزووی کەسی و هۆکارە کەسییەکان وەک مەیل و هەڵوێست و بابەتی ( العجابی، ٢٠٠٢ : ٥٢ ).

## ٤-٢ توێژینەوەکانی پێشوو : Previous research

خشتەی ژمارە ( ١ )توێژینەوەکانی پێشوو کە باسیان لە (ستراتیجی کارتی پرسیارەکان)و کاریگەری لەسەر دەستکەوتی خوێندن

| ژ | ناوی توێژەر وولات وسالی ئەنجامدان | ناونیشانی توێژینەوە | ئامانجی توێژینەوەکە | کۆمەڵگەو توێژینەوەکە قەبارەی نموونەی | بابەت | میتۆدی توێژینەوە | ئامرازە ئامارییەکان | ئەنجامی توێژینەوە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | المعاضيدي ، العراق (٢٠٢٤)ز. | کاریگەری ستراتیجی کارت پرسیارەکان لەسەر دەستکەوتی خوێندکارانی پۆلی چوارەمی بنەڕەتی لە قورئانی پیرۆز و پەروەردەی ئیسلامی و ئاستی داخوازیەکانیان | زانینی کاریگەری ستراتیجی کارت پرسیارەکان لەسەر دەستکەوتی خوێندکارانی پۆلی چوارەمی بنەڕەتی ئاستی داخوازیەکانیان لە پەروەردەی ئیسلامی. | کۆمەڵگەی توێژینەوەکە پێکهاتووە لە خوێندکارانی پۆلی چوارەمی بنەڕەتی بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٣-٢٠٢٤)، نمونەی توێژینەوەکە پێکهاتووە لە (٣٧) خوێندکار بۆ هەردوو گروپ. | پەروەردەی ئیسلامی | ئەزموونی | - هاوکۆلکەی گرانی برگەکان. - هێزی جیاکەرەوە. - هاوکۆلکەی کا٢. - تاقیکردنەوەی (t-test). | بە بەکارهێنانی ستراتیجی کارتی پرسیارەکان جیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەیە لە بەدەستهێنانی بەرزکردنەوەی ئاستی خواستی قوتابیان لە پرۆسەی پەروەردەدا. |
| ٢ | النساء، سورابایا - ئەندەنوسیا (٢٠٢٠)ز. | کاریگەری جێبەجێکردنی ستراتیژی کارتی پرسیارەکان بۆ باشترکردنی توانای قسەکردنی خوێندکارانی پۆلی یازدەیەمی ئامادەیی. | زانینی کاریگەری بەکارهێنانی ستراتیژی کارتی پرسیارەکان بۆ بەرزکردنەوەی توانای قسەکردنی خوێندکارانی پۆلی یازدەهەم لە قۆناغی ئامادەیی. | کۆمەڵگەی توێژینەوەکە پێکهاتووە لە خوێندکارانی پۆلی یازدەیەم بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٩-٢٠٢٠)، نمونەی توێژینەوەکە پێکهاتووە لە (٦٨) خوێندکار بۆ هەردوو گروپ. | زمانی عربی | ئەزموونی. | تاقیکردنەوەی (T.test). هێمای ماوییەکان. - هێمای بەراوردکردن. | بە بەکارهێنانی ستراتیجی کارتی پرسیارەکان جیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەیە کە پاڵنەرێکە بۆ فێرخوازان بۆ فێربوونی زمانی عەرەبی بەتایبەت لە توانای قسەکردندا و لە زۆرێک لە خوێندکارەکان زۆریان خۆشدەوێت و چالاکن و بەجدی بەشداری چالاکییە پەروەردەییەکان دەکەن. |
| ئەوتوێژینەوانەی کە باسیان لە (بیرکردنەوەی نزیکراوەیی ) کردووە | | | | | | | | |
| ٣ | هیشان، العراق (٢٠٢٤)ز. | کاریگەری ستراتیژی شەپۆلە سەریەککەوتووەکان لە | زانینی کاریگەری ستراتیژی شەپۆلە سەریەککەوتو | کۆمەڵگەی توێژینەوەکە پێکهاتووە لە سەرجەم خوێندکارانی | بابەتی کۆمەڵناسی | ئەزموونی | - تاقیکردنەوەی . مان ویتنی. - | جیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەیە چونکە ستراتیژی شەپۆلە سەریەککەوتووەکان کاریگەری هەیە لەسەر |

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | پەرەپێدانی بیرکردنەوەی نزیکراوەیی لە نێوان خوێندکارانی کچانی پۆلی یازدەیەم وێژەیی لە بابەتی کۆمەڵناسیدا. | وەکان لە پەرەپێدانی بیرکردنەوەی نزیکراوەیی لە نێوان خوێندکارانی پۆلی یازدەیەم وێژەیی. | پۆلی یازدەیەمی وێژەیی کچان بۆ ساڵی (٢٠٢٣-٢٠٢٤)، نمونەی توێژینەوە بریتییە لە (٣٧) خوێندکار بۆ هەردوو گروپ. | | | هاوکۆلکەی کا٢. - هاوکۆلکەی گرانی برگەکان و هێزی جیاکەرەوە. - هاوکێشە بۆ جیاکردنەوەی برگەکان. - کاریگەری جێگرەوەکانی فریودان. - هاوکۆلکەی ریشاردسون. | پەرەپێدانی بیرکردنەوەی نزیکراوەیی لای خوێندکاران وە دەبێتە هۆکاری زیادبوونی متمانە بەخۆبوون لەرێگەی بەشداریکردنی چالاکی ناو پۆلدا. |
| ٤ | البهادلي, العراق (٢٠٢٤)ز. | کاریگەری ستراتیجی پوختەی موگناتیسی لە بەدەستهێنانی چەمکە بایۆلۆجیەکانە نێو خوێندکارانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لە بیرکردنەوەی نزیکراوەیان. | زانینی دیاریکردنی کاریگەری بیرکردنەوەی نزیکراوەیی لە نێوان خوێندکارانی قۆناغی هەشتەمی بنەڕەتی لە بایۆلۆجیدا. | سەرجەم خوێندکارانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی کە پێکهاتووە و (٤٨٢٢) خوێندکار، بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٣-٢٠٢٤)، نمونەی توێژینەوە بریتییە لە (٦٠) خوێندکار بۆ هەردوو گروپ. | بابەتی بایۆلۆجی | ئەزموونی. | - هاوکۆلکەی گرانی برگەکان. - هێزی جیاکەرەوە. - کاریگەری بەدیلە هەڵەکان. - هاوکۆلکەی ریشاردسون. - هاوکێشەی سبیرمان براون. | بەکارهێنانی ستراتیژی پوختەی موگناتیسی کاریگەرییەکی کاریگەر و ئەرێنی هەبووە لە بەرزکردنەوەی ئاستی بیرکردنەوەی نزیکراوەیی لە نێوان خوێندکارانی قۆناغی هەشتەمی بنەڕەتیدا بە بەراورد بە شێوازی ئاسایی. |

## ٣- بەشی سییەم : ڕێکارییەکانی توێژینەوەکە

### ٣-١ میتۆدی توێژینەوە : Research population


توێژەر میتۆدی ئەزموونیی پەیرەو کردووە کە بەمیتۆدێکی گونجاوی زانیوە بۆ ئەم توێژینەوەیە، چونکە لەسەر بنەمای کۆنترۆڵکردنی گۆڕاوەکان دامەزراوە بۆ ئەوەی کاریگەری گۆڕاوی سەربەخۆ لەسەر گۆڕاوە پاشکۆ بزانێت بە بەراوردکردنی ئەنجامەکانی تاقیکردنەوەکان، هەروەها بۆ پێوانەکردنی کاریگەری یەکێك لە گۆڕاوە سەربەخۆکان بۆ سەر گۆڕاوی ناسەربەخۆ، لەمیانەی کۆنترۆڵ کردنی هەموو ئەو هۆکارانەی دەوری ئەو دیاردەیان داوە (باداوەیی و شێخانی،٢٠١١: ٥٢).

### ٣-٢ دیزاینی ئەزموونی : The design of the experience

دیزاینی ئەزموونی نەخشەو بەرنامەی کارێکە بۆ چۆنیەتی ئەنجامدانی تاقیکردنەوە و پلان و چاودێریکردنی بارودۆخ و فاکتەرەکانی دەوروبەر و، توێژەر لە ڕێگەی دیزاینەوە دەتوانێت گریمانەکانی تاقیبکاتەوە و بگاتە ئەنجامێکی ڕاسگۆیانە سەبارەت بە کاریگەری گۆڕاوە سەربەخۆکان (عزیز و سلیمان، ٢٠٢٤ : ١١٠ ).

هەر بۆیە توێژەر پشت بە دیزاینی نیمچە ئەزموونی بەستووە کە گونجاو بوو بۆ بارودۆخی توێژینەوەکەی، لە ژێر ڕۆشنایی ئەم دیزاینەدا هەردوو گروپ (ئەزموونی و کۆنترۆڵ) کەوتوونەتە ژێر تاقیکردنەوەی پێشوەختە بە مەبەستی پێوانەکردنی گەشەپێدانیان بەرەو بابەتی مێژوو.

دیزاینی ئەزموونی توێژینەوەکە




هێڵکاری ژمارە (١) دیزاینی ئەزموونی توێژینەوەکە

## ٣-٣ کۆمەڵگای توێژینەوە : Research Society

دیاریکردنی کۆمەڵگەی توێژینەوە بە یەکێك لە کارە گرنگەکانی توێژینەوە دادەنرێت، کە بریتیە لە سەرجەم ئەو تاکانەی لە خەسڵەتێکی تێبینیکراودا هاوبەشن (محمد،٢٠٢٠: ٣٦).

کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە خوێندکارانی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی لە قوتابخانەکانی سنوری بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی کەلار (دەوامی ڕۆژ) بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٤-٢٠٢٥). بڕوانە خشتەی ژمارە (٢).

خشتەی ژمارە ( ٢ )کۆمەڵگەی توێژینەوە

| ژمارەی قوتابخانە | ژمارەی خوێندکارانی کوڕ | ژمارەی خوێندکارانی کچ | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|
| ٧٦ | ٢٦٣٩ | ٢٤٣٠ | ٥٠٦٩ |

## ٣-٤ نموونەی توێژینەوە : Research Examples

بەشێکە لە دانیشتوانی توێژینەوەکە کە بە شێوەیەکی دیاریکراو هەڵدەبژێردرێن، لێکۆڵینەوەیەک لەسەری ئەنجام دەدرێت، پاشان ئەو ئەنجامانە بەکاردەهێنرێن و دەگوازرێنەوە بۆ تەواوی دانیشتوانی توێژینەوەکە، بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی دروست نوێنەرایەتی کۆمەڵگە بکات (عبیدات و اخرون، ١٩٩٩: ٨٤).

## ٣-٤-١ نموونەی قوتابخانە

بۆ دەستنیشانکردنی نموونەی توێژینەوە، لەپاش ناردنی نوسراو لە ڕاگرایەتی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی- زانکۆی گەرمیان بۆ بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی کەلار، توێژەر بە مەبەست (قوتابخانەی شێخ حسێن)ی بنەڕەتی هەڵبژارد تاوەکو ئەزموونەکەی تیادا ئەنجامبدرێت ، ئەوەش بەهۆی ئەم خاڵانەی خوارەوە :

١- ئامادەبوونی بەڕێوەبەر و مامۆستای بابەتی کۆمەڵایەتی قوتابخانەکە بۆ هاوکاریکردن بۆ ئەنجامدانی ئەزموونەکە.

٢-گونجاوی قوتابخانەکە، لە ڕووی باڵەخانەو بوونی ژمارەی پۆل وخوێندکارانی پێویست و هۆڵی تایبەت بۆ وانەووتنەوە.

٣- قوتابخانەکە لەڕووی هەڵکەوتەی جوگرافیەوە نزیك بوو لە شوێنی نیشتەجێبوونی توێژەر.

## ٣-٤-٢ نموونەی خوێندکار

توێژەر پاش سەردانیکردنی بۆ قوتابخانەکە بۆی دەرکەوت کە خوێندکارانی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی لە سێ گروپ ( أ ، ب ، ج ) پێك هاتووە ، توێژەر بە شێوەیەکی هەرەمەکی دوو گروپی هەڵبژارد، لە ئەنجامدا گروپی (ب) بوو بە گروپی ئەزموونی کە ژمارەیان(٢٥) خوێندکار بوو، وە گروپی (أ) بوو بە گروپی کۆنترۆڵکراو کە ژمارەیان (٢٦)خوێندکار بوو، ژمارەی خوێندکارانی هەردوو گروپ بریتی بوو لە (٥١) خوێندکار. بڕوانە خشتەی ژمارە (٣).

خشتەی ژمارە ( ٣ )گروپ و ژمارەی خوێندکارانی نموونەی توێژینەوە

| هۆبە | گروپ | ڕێگای وانەوتنەوە | ژمارەی خوێندکاران | ژمارەی خوێندکارانی دوورخراو | ژمارەی کۆتایی خوێندکاران |
|---|---|---|---|---|---|
| ب | ئەزموونی | ستراتیجی کارتی پرسیارەکان | ٢٥ | ٥ | ٢٠ |
| أ | کۆنترۆڵکراو | ڕێگای ئاسایی | ٢٦ | ٦ | ٢٠ |

## ٣-٥ هاوسەنگکردنی گرووپەکانی توێژینەوە : Balancing Research Groups

خشتەی ژمارە ( ٤ )هاوتاکردنی گۆڕاوەکانی توێژینەوەکە

| گۆڕاوەکان | کۆمەڵەکان | نموونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێودانگی | نمرەی ئازاد | بەهای تی (ت) | | ئاستی بەڵگەداری (0.05) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| تەمەن | ئەزموونی | 20 | ١٣٧,٠ | ٣,٢١٢ | 38 | ١,٣٦٥ | ٢,٠٢٤ | بەڵگەداری نیە |
| | کۆنترۆڵکراو | 20 | ١٣٥,٥ | ٣,٧٢١ | | | | |
| زانیای پێشینە | ئەزموونی | 20 | ٨,٠٠ | ٢,١٠٣ | 38 | ١,٠٣ | ٢,٠٢٤ | |
| | کۆنترۆڵکراو | 20 | ٨,٧٠ | ٢,١٧٩ | | | | |
| نمرەی ساڵی پێشوو | ئەزموونی | 20 | ٦٧,١٥ | ١٣,٠٩٦ | 38 | ٠,٨٤٨ | ٢,٠٢٤ | |
| | کۆنترۆڵکراو | 20 | ٧٠,٨٠ | ١٤,٠٩٩ | | | | |
| گەشەپێدانی بیرکردنەوە | ئەزموونی | 20 | ١٠,١٥ | ٢,٨٨٩ | 38 | ٠,٥١٢ | ٢,٠٢٤ | |
| | کۆنترۆڵکراو | 20 | ١٠,٦٠ | ٢,٦٦٤ | | | | |
| ئاستی زیرەکی | ئەزموونی | 20 | ٣٥,٢٥ | ٦,٢٢٣ | 38 | ٠,٩١٢ | ٢,٠٢٤ | |
| | کۆنترۆڵکراو | 20 | ٣٣,٦٠ | ٥,١٧٥ | | | | |

جیاوازی نییە لە هیچ یەکێك لەو گۆڕاوانەی هاوتاکردن لەبەر ئەوەی بەهای هەژمارکراو بچوکترە  لە بەهای خشتەیی.

### ٣-٥-١  تەمەنی خوێندکاران

توێژەر تەمەنی خوێندکارانی نموونەی توێژینەوەکەی وەرگرت لە ڕیگەی دابەشکردنی فۆرمی تایبەت بەسەر خوێندکاران بۆ وەرگرتنی ڕێکەوتی ڕۆژ و مانگ و ساڵی تەمەنیان پاشان هەژمارکردنی تەمەنیان بە مانگ تا ڕێکەوتی ٢٠٢٤/١١/١ بڕوانە خشتەی ژمارە (٤) لەسەرەوە.

### ٣-٥-٢  نمرەی خوێندکاران لە زانیاری پێشینە

توێژەر بە مەبەستی زانینی  زانیاری پێشینە لە  بابەتی مێژوو لای خوێندکارانی هەر دوو گروپ هەستا بە ئامادەکردنی تاقیکردنەوەیەك لە جۆری بابەتی (ڕاست و هەڵە ، هەڵبژاردن ) کە لە (١٥) برگە پێك هاتبوو، پشت بەست بە ناوەڕۆکی بابەتی مێژوو لە پەرتوکی بابەتەکۆمەڵایەتیەکانی پۆلی (٥) ی بنەڕەتی، بۆ دڵنیابوون لە شیاویی خرایە بەردەست کۆمەڵێك لە شارەزایان و پسپۆڕان، پاشان جێبەجێکرا بەسەر هەردوو گرووپدا لە رۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی ٢٠٢٤/١١/١٣ دوای تەواوبوونی تاقیکردنەوەکە بەشێوەیەك وورد هەڵەچنی وەڵامەکان کرا بەجۆرێك بۆ هەر وەڵامێکی ڕاست (١) نمرەی پێدەدرا و بۆ هەر وەڵامێکی هەڵەش (سفر) نمرەی خوێندکارانی هەر دوو گروپ، بڕوانە خشتەی ژمارە (٤) لەسەرەوە.

### ٣-٥-٣ نمرەی کۆتایی ساڵی پێشوو لە بابەتی کۆمەڵایەتی

توێژەر نمرەی کۆتایی ساڵی پێشووی ٢٠٢٣-٢٠٢٤ بابەتی کۆمەڵایەتی لە تۆماری قوتابخانە وەرگرت، پاشان توێژەر بە مەبەستی زانینی جیاوازی ماناداری ئامارییی لە نێوان هەردوو گروپی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراودا، لە ئەنجامدا دەرکەوت کە جیاوازی ماناداری ئاماری نییە، بڕوانە خشتەی ژمارە (٤) لەسەرەوە.

### ٣-٥-٤  تاقیکردنەوەی پێشی بۆ گەشەپێدانی بیرکردنەوەی نزیکراوەی لە بابەتی مێژوو

توێژەر تاقیکردنەوەیەکی ئەنجامدا بۆ پێوانەکردنی گەشەپێدانی بیرکردنەوەی نزیکراوەی لە بابەتی کۆمەڵایەتی/مێژوو لەسەر هەر دوو گروپی نموونەی توێژینەوە لە ڕۆژی پێنج شەممە ڕێکەوتی ٢٠٢٤/١١/١٤  بە مەبەستی زانینی ڕادەی هاوتایی لە نێوان هەردوو گروپ، بڕوانە خشتەی ژمارە (٤) لەسەرەوە.

### ٣-٥-٥  ئاستی زیرەکی

بۆ زانینی ڕادەی هاوتایی لە نێوان هەردوو گروپ نموونەی توێژینەوە لە گۆڕاوی ئاستی زیرەکی ،پاش ڕاوێژکردن لەگەڵ سەرپەرشتیار و کەسانی پسپۆری، تاقیکردنەوە جۆن ڕاڤن (John Carlyle Raven) بە ئامرازێکی دروستن بۆ پێوانەکردنی زیرەکی تاک و تاقیکردنەوەکان لە نێوان کولتوورەکان دادەنرێت کە لە ژینگە و کولتووره جیاوازەکاندا بەکاردەهێنرێت، واتا فاکتەرەکان کاریگەرییان لەسەر نییە (حماد،٢٠٠٨: ١)، بە شێوەیەکی گشتی پێك هاتووە لە(٦٠) برگەی وێنەیی دابەش بووە بەسەر(٥) گروپدا (A,B,C,D,E ) هەر گروپێك (١٢)برگەیە، تاقیکردنەوەکە لەیەك کاتدا بەسەر هەردوو هەر گرووپ لە ڕێگای بە کارهێنانی داتاشۆ جێبەجێکرا لە رۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی ٢٠٢٤/١١/١٢  وە کاتی تەرخانکراو بۆ تاقیکردنەوەکە بریتی بوو لە (٦٠) خولەك پاشان هەڵەچنی پرسیارەکان کرا بە پێی کلیلی ڕاستکردنەوە،

و خوێندکار بۆ هەر وەڵامێکی ڕاست (یەك) نمرە وەردەگرێت و بۆ یەك وەڵامی هەڵەش (سفر) وەردەگرێت ، بڕوانە خشتەی ژمارە (٤) لەسەرەوە.

### ٣-٥-٦ ئاستی خوێندنی باوکان

توێژەر ئاستی خوێندنی باوکی خوێندکاران لە ڕێگەی فۆرمێکەوە بەدەستهێنا وە چەند پلەیەکی بۆیان دیاریکرد بە پێ جۆری بڕوانامەی خوێندن، پاشان ئاستی ئەکادیمییانی ڕیزبەند کرد لە نزمترین ئاستەوە بۆ بەرزترین ئاست، بە مەبەستی زانینی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان هەر دوو گروپ تاقیکردنەوەی (کا$^2$)بەکارهێنا پاش دەرهێنانی ناوەندی ژمێرەی و لادانی پێودانگی بۆ نمرەکانی هەردوو گروپ بڕوانە خشتەی ژمارە (٥).

خشتەی ژمارە ( ٥ )بەهای (کای)$^2$ بۆ جیاوای ئاستی خوێندنی باوکان

| گۆڕاو | گروپەکان | ئاستی خوێندنی باوکان | | | $\chi^2$بەهای (کای سکوێر) | | | ئاستی بەڵگەداری (٠,٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | نەخوێندەوار | سەرەتایی و ناوەندی | ئامادەیی پەیمانگا بەرەوسەرەوە | نمرەی ئازاد | ئەژمارکراو | خشتەیی | |
| ئاستی خوێندەواری باوکان | ئەزموونی | ٧ | ٥ | ٨ | ٢ | ١,٠٩٢ | ٥,٩٩ | بەڵگەدار نییە |
| | کۆنترۆڵکراو | ٥ | ٨ | ٧ | | | | |
| | کۆ | ١٢ | ١٣ | ١٥ | | | | |

### ٣-٥-٧ ئاستی خوێندنی دایکان

توێژەر ئاستی خوێندنی دایکان خوێندکاران بە هەمان ڕێکاری و هەنگاوەکانی پێشوو بە دەستهێنا بە مەبەستی زانینی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان هەر دوو گروپ، هاوکۆلکەی (کا$^2$)بەکارهێنا پاش دەرهێنانی ناوەندی ژمێرەی و لادانی پێودانگی بۆ نمرەکانی هەردوو گروپ، بڕوانە خشتەی ژمارە (٦).

خشتەی ژمارە ( ٦ ) بەهای (کای)$^2$ بۆ جیاوای ئاستی خوێندنی دایکان

| گۆڕاو | گروپەکان | ئاستی خوێندنی دایکان | | | $\chi^2$بەهای (کای سکوێر) | | | ئاستی بەڵگەداری (٠,٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | نەخوێندەوار | سەرەتایی و ناوەندی | ئامادەیی پەیمانگا بەرەوسەرەوە | نمرەی ئازاد | ئەژمارکراو | خشتەیی | |
| ئاستی خوێندەواری دایکان | ئەزموونی | ٦ | ٨ | ٦ | ٢ | ٠,١٤٣٦ | ٥,٩٩ | بەڵگەدار نییە |
| | کۆنترۆڵکراو | ٦ | ٧ | ٧ | | | | |
| | کۆ | ١٢ | ١٥ | ١٣ | | | | |

## ٤- پێداویستیەکانی توێژینەوەکە : Research Requirements

### ٤- ١ دیاریکردنی بابەتی خوێندن : Select Study Topic

توێژەر هەستا بە دیاریکردنی بابەتی خوێندن بە ڕاوێژکردن بە کەسانی پسپۆر و مامۆستایانی بابەت کە چەند ساڵێك وانەکەیان وتوەتەوە سەرەڕای سوود وەرگرتن لە توێژینەوەی (البرزنجی، ٢٠٢٢) کە بۆ پۆلی شەشەم ئەنجامدراوە، بابەتەکانی ئەم توێژینەوەیە لە سێ بەند پێکهات (یەکەم ، دووەم ،سێیەم) لە پەرتوکی زانستە کۆمەڵایەتی بڕیار لێدراو بۆ پۆلی شەشەمی بنەڕەتی لە هەرێمی کوردستان – عێراق – چاپی دووەم، ٢٠٢٤ زانیی بە پێی ماوەی ئەزمونی توێژینەوەکە ناوی بەندەکان وناونیشان و ژمارەی لاپەڕەکان، بڕوانە خشتەی ژمارە (٧).

خشتەی ژمارە ( ٧ ) دیاری کردنی بەندە وناونیشان و ژمارەی لاپەڕەکان بۆ بابەتی ئەزموونەکە

| بەندەکان | ناونیشانی بەندەکان | ژمارەی لاپەڕەکان |
|---|---|---|
| یەکەم | کوردستان لە نێوان ململانێی عوسمانی و سەفەویدا | ٩ |

| | | |
|---|---|---|
| دووەم | بارودۆخی کوردستان لە سەردەمی عوسمانیدا | ١١ |
| سێیەم | دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق | ٥ |
| کۆی گشتی | | ٢٥ |

### ٤-٢ دیاریکردن و دارشتنی ئامانجەرەفتاریەکان : Identifying and Formulating Behavioral Objectives

دارشتنی ئامانجی رەفتارییەکان بۆ هەر بەرنامەیەک هەنگاوی بنەرەتییە لە بنیاتنانیدا، ئامانج هەنگاوی یەکەمی هەموو کارێکی رێکخراوە، کە کۆنترۆڵی رەوت و ئاراستەی دەکات و پایەسەرەکییەکانی و مەبەستەکانی کارەکە دەردەخات و دیاری دەکات (قادر،٢٠٢٣: ١٢).

لەبەر گرنگی ئامانجە رەفتارییەکان لە پرۆسەی فێربووندا توێژەر بە پێ سروشتی ناوەرۆکی بابەتی توێژینەوەکەی ئامانجەکانی دارشت بۆ (١٥٠)ئامانج، پاشکۆی ژمارە (١٢)، (٦٥)ئامانج لە ئاستی بەیادهاتنەوە، و(٤٥)ئامانج لە ئاستی تێگەیشتن ،و(٢٥)ئامانج لە ئاستی جێبەجێکردن ،و(١٥)ئامانج لە ئاستی شیکردنەوە بە گوێرەی پۆلێنکردنی (بلۆم – Bloom) لە بواری مەعریفی دا، نموونەی خرایە بەردەم کۆمەڵێك لە هەڵسەنگێنەران و پسپۆران پاشکۆی ژمارە (٧)، بۆ وەرگرتنی راو بۆچوون وتێبینی و پێشنیارەکانیان بە مەبەستی باشتر دارشتنی بە جۆرێك کە راست ودروست بن و سەرکەوتنی ئەزموونەکە مسۆگەر بکەن، بۆ دڵنیابونیش توێژەر پشتبەست بەرێژەی ٩٧% .

### ٤-٣ ئامادەکردنی پلانی وانەوتنەوە : Preparation of a Teaching Plan

مەبەست لە پلانی وانە ووتنەوە گرتنە بەری پرۆسەیەکی وێناکردن و خستنەکاری ئەو بریاردراوانەیە کە پێویستە بگرێتە بەر لە پێناو ئاراستەکردنی چالاکیەکان بە ئامانجی جێبەجێکردنی لە ماوەیەکی دیاریکراو سنووردار دا (عزیز، ٢٠٢١ : ١٦٥ )، بۆ ئەم مەبەستە توێژەر (١٦) پلان بۆهەریەك لە گرووپی ئەزموونی بەپێ ستراتیجییەتی (کارتی پرسیارەکان) و گرووپی کۆنترۆڵکراو بە رێگای ئاساییی ئامادەکرد، و نموونەیەك لەو پلانانە خرایە بەردەم پسپۆران، پاشکۆی ژمارە (١٣) پاش وەرگرتنی راوبۆچوونیان گۆڕانکاری پێویست لەپلانەکەدا کرا.

## ٥- ئامرازەکانی توێژینەوە : Research Tools

### ٥-١ تاقیکردنەوەی دەستکەوت : Achievement test

ئەو ئامرازەیە کە بەکاردێت بۆ پێوانەکردنی زانیاری و تێگەیشتن و لێهاتوویی لە بابەتێکی ئەکادیمی یان راهێنانی تایبەت یان کۆمەڵێک بابەتدا (الیعقوبي،٢٠١٣: ٨٩)، یەکێک لە پێداویستییەکانی توێژینەوە ئامادەکردنی تاقیکردنەوەی دەستکەوتە بۆ پێوانەکردنی دەستکەوتی خوێندنی نموونەی توێژینەوە لە بابەتی زانستەکۆمەلایەتیەکان /مێژوو توێژەر لە ئامادەکردنیدا ئەم هەنگاوانەی خوارەوەی پەیرەو کردووە:

### ٥-١-١ ئامادەکردنی برگەکانی تاقیکردنەوەی دەستکەوت

توێژەر بەندەکانی تاقیکردنەوەی دەستکەوتی خوێندنی ئامادەکرد لە جۆری هەڵبژاردن، پرسیارەکان لە (٣٠ ) برگە پێکهاتبوو، (٤) جێگرەوەش (بدائل) بۆ هەر برگەیەك پاشکۆی ژمارە (١٤)، ئەم جۆرە تاقیکردنەوەیە بۆپێوانەکردنی بواری مەعریفی خوێندکاران لە ئاستی (بیرهێنان ، تێگەیشتن ، جێبەجێکردن ، شیکردنەوە)، بۆ دڵنیابوون لە شیاویی تاقیکردنەوەکە توێژەر خەسڵەتە سایکۆمەترییەکانی تاقیکردنەوەکەی بەم رێکارانەی خوارەوە دەرهێنا:

### ٥-١-٢ راستێتی تاقیکردنەوەی دەستکەوت

راستێتی و دروستی تاقیکردنەوەکان راستەخۆ پەیوەندی بەو مەبەستەوە هەیە کە تاقیکردنەوەی لەپێناودا ئامادەکراوە، بەمەبەستی زانینی راستێتی پێوانەکردنی ئەو دیاردەیەی یان ئەو رفتارەی کە بۆی ئامادەکراوە (مخائیل،٢٠١٦: ١٣٦)، بۆیە توێژەر هەوڵیدا دوو جۆر راستێتی پشتراست بکاتەوە، ئەوانیش راستێتی رواڵەت و راستێتی ناوەرۆک:

#### ٥-١-٢-١ راستێتی رواڵەت :

بە مەبەستی دەرهێنانی راستێتی تاقیکردنەوەکە، توێژەر تاقیکردنەوەکەی خستە بەردەستی کۆمەڵێك لەپسپۆرانی بوارەکە بۆ وەرگرتنی راو بۆچوونیان لەسەربرگەکانی تاقیکردنەوەکەو ئاستی گونجاوی برگەکان پاشکۆی ژمارە (٧) وە سەرجەم برگەکان رێژەی رازیبوونی(٩٥% ) زیاتری بەدەستهێنا کە ژمارەیان (٣٠) برگە بوو، بەپشت بەستن بە هاوکێشەی ( جی کۆپەر -j.cooper) بەم شێوەیە راستێتی رواڵەت دەرهێنرا.

#### ٥-١-٢-٢ راستێتی ناوەرۆك

بەمەبەستی دڵنیابوون لە راستگۆی ناوەرۆك توێژەر خشتەی تایبەتمەندی و برگەکانی تاقیکردنەوەکە بە پێی ئامانجە رەفتارییەکان خرایە بەردەستی کۆمەڵێك لەپسپۆرانی بوارەکە، بۆ ئەم مەبەستەش توێژەر (٣٠) برگەی ئامادە کرد بەپێی کێش و گرنگی هەریەک لە ناوەرۆکی بابەتەکان و ئامانجە رەفتارییەکان، لە چوار ئاستی پۆلێنکردنی بلوم لە بواری مەعریفیدا (بەیادهاتنەوە، تێگەیشتن، جێبەجێکردن، شیکردنەوە). نەخشەی تاقیکردنەوەی بە پێی ئەم رێکارانەی خوارەوە دانا:

أ- کێشی ناوەرۆك = $\frac{\text{ژمارەی لاپەرەی هەر بەندێکی خوێندن}}{\text{کۆی ژمارەی لاپەرەکانی بابەتەکان}} \times ١٠٠$

ب- ڕێژەی گرنگی ئامانجە ڕەفتارییەکان لەهەر ئاستێکدا= $\frac{\text{ژمارەی ئامانجی ڕەوشتی لەهەر ئاستێکدا}}{\text{ژمارەی گشتی ئامانجە ڕەوشتییەکان}}$ × ١٠٠

ج- ژمارەی بڕگەکان لە خانە = ڕێژەی کێشی ناوەڕۆک × ڕێژەی گرنگی ئامانجە ڕەفتارییەکان × ژمارەی گشتی بڕگەکانی تاقیکردنەوە.

### ٥-١-٣ ئەزموونی بەرایی (سەرەتایی) (التجربة الاستطلاعية)

ئامانج لە بەکارهێنانی ئەم تاقیکردنەوەیە بریتییە لە پشتڕاستکردنەوەی ڕوونی بڕگەکانی تاقیکردنەوەیە بۆ جێبەجێکردن ودیاری کردنی کاتی پێویست بۆ وەڵامدانەوە، توێژەر ئەزموونی سەرەتایی لە دەرەوەی نموونەی توێژینەوە ئەنجامدا کە بە شێوازی هەڕەمەکی سادە هەڵبژێردران، ژمارەیان بریتیبووله (١٠٠) خوێندکار لە قوتابخانەی (ڕەوەند جبار فرمانی بنەڕەتی) ئاگادارکرانەوە بۆ تاقیکردنەوە لە ڕۆژی یەك شەممە ڕێکەوتی (٢٠٢٤/١٢/٨) پاش دڵنیابوون لە تەواوکردنی بەندەکانی خوێندن، جێی ئاماژەیە بڕگەکانی تاقیکردنەوە ڕوون و ئاشکران وهیچ ئاڵۆزیەکی ناڕوونیان تێدانییە کە پێویست بە گۆڕانکاری بکات و کاتی تەرخانکراو بۆ تاقیکرنەوەکە بریتی بوو لە ( ٤٠ ) خولەك لە ڕێگەی ئەم هاوکێشەی خوارەوە:

$$\text{ماوەی تاقیکردنەوە} = \frac{\text{کۆتا وەڵامدانەوەی خوێندکار + یەکەمین وەڵامدانەوەی خوێندکار}}{٢} = \frac{٢٨+٤٦}{٢} = ٣٧$$

### ٥-١-٤ شیکاری بۆ بڕگەکانی تاقیکردنەوە

دوای ئامادەکردنی بڕگەکانی تاقیکردنەوە، بەمەبەستی زانینی ئاستی گرانی بڕگەکان و هێزی جیاکاری و کارایی جێگرەوە هەڵەکان، توێژەر تاقیکردنەوەکەی لە سنووری کۆمەڵگەی توێژینەوە لەسەر نموونەیەك لە دەرەوەی نموونەی توێژینەوە ئەنجامدرا نموونەی بەرایی هاوشێوەکرد لە قوتابخانەکانی (زریان و ڕەوەند جبار فرمان)ی بنەڕەتی، کە پێکهاتبوو لە (١٠٠) خوێندکار، ئاگادارکرانەوە بۆ تاقیکردنەوە لە ڕۆژی پێنج شەممە ڕێکەوتی (٢٠٢٤/١٢/١٢) پاش دڵنیابوون لە تەواوکردنی بابەتی خوێندن دوای پرۆسەی هەڵەچنی بۆ وەڵامی خوێندکاران بە پێی کلیلی ڕاستکردنەوە، پاشکۆی ژمارە(١٦)، ڕیزبەندکردنی ئەو نمرانە بەشێوەی ژماردنی سەر بەرەخوار (تنازلي) لە بەرزترین نمرەوە بەرەو نزمترین نمرە، وە هەڵبژاردن و جیاکردنەوەی ڕێژەی (٢٧%) لە گروپی ئاست بەرز و (٢٧%) لە گروپی ئاست نزم وە کۆی گشتی ژمارەی خوێندکاران دەکاتە (٥٤) خوێندکار، پاشان توێژەر وەڵامی هەردوو گروپی بەشێوەیەکی ئاماری شیکردەوە بۆ دەرهێنانی تایبەتمەندییە سایکۆمەترییەکانی تاقیکردنەوەکە بەم شێوەیە خوارەوە:

خشتەی ژمارە ( ٨ ) تایبەتمەندی سایکۆمێترییەکان بۆ هەردوو جۆری تاقیکردنەوەکە

| ئامرازەکانی توێژینەوە | هاوکۆڵکەی گرانی بڕگەکان | هێزی جیاکاری بڕگەکان | کارایی جێگرەوەی هەڵەکان | جێگیریی تاقیکردنەوەکە | هاوکۆلکەی پەیوەندی |
|---|---|---|---|---|---|
| ڕێژەی پەسەندی لای پسپۆڕان | لە نێوان (٢٠%–٨٠%) | زیاتربێت لە (٠,٢٠) | زیاتربێت لە (٪ -٠,٠٥) | لە نێوان (٠,٧٠ – ٠,٩٠) | |
| تاقیکردنەوەی دەستکەوت | ئاستی بڕگەکان دەکەوێتە نێوان (٠,٣٩) و (٠,٨٠) | ئاستی بڕگەکان دەکەوێتە نێوان (٠,٢٣) و (٠,٥٩) | ئاستی بڕگەکان دەکەوێتە نێوان (-٠,٠٠٥) و (-٠,٣٢) | ٠،٨٦ | سپێرمان |
| تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی نزیکراوەی | ئاستی بڕگەکان دەکەوێتە نێوان (٠,٢٦) و (٠,٧٢) | ئاستی بڕگەکان دەکەوێتە نێوان (٠,٢٢) و (٠,٦٧) | ئاستی بڕگەکان دەکەوێتە نێوان (-٠,٠٤) و (-٠,٣٠) | ٠،٨٠ | پێرسۆن |

(قەرەچەتانی، ٢٠١٨: ١٠٥-١٠٦ ). (الظاهرواخرون،١٩٩٩: ١٣٠).

#### ٥-١-٤-١ هاوکۆڵکەی گرانی بڕگەکان

بریتییە لە ڕێژەی ژمارەی ئەو خوێندکارانە کە بە دروستی وەڵامی بڕگەکانی تاقیکردنەوەکە دەدەنەوە (عودة،٢٠٠٠: ١٣٥)، بۆ دەرهێنانی هاوکۆڵکەی قورسی هەر بڕگەیەك لە بڕگەکانی تاقیکردنەوە، توێژەر یاسای هاوکۆلکەی قورسی بەکارهێنا، هاوکۆلکەی قورسی یان ئاسانی پەسەندە، بڕوانە خشتەی ژمارە ( ٨ ) لەسەرەوە.

#### ٥-١-٤-٢ هێزی جیاکاری بڕگەکان

مەبەست لە هێزی جیاکاری ئەوەیە توانای هەر بڕگەیەك بۆ جیاکردنەوەی نێوان ئەو خوێندکارانەی کە ئاست و توانایان بەرزە لەگەڵ ئەو خوێندکارانەی کە ئاست وتوانایان نزمە لە وەڵامدانەوەی هەر بڕگەیەك (سليمان و ابو علام،٢٠١٠: ٣١٩)، توێژەر هاوکێشەی هێزی جیاکاری بڕگەکانی تاقیکردنەوەی دەرهێنا دەرکەوت هەموو بڕگەکانی تاقیکردنەوە پەسەندە، بڕوانە خشتەی ژمارە ( ٨ ) لەسەرەوە.

#### ٥-١-٤-٣ کارایی جێگرەوەی هەڵەکان

ئەنجامی وەڵامی خوێندکارانی گروپی ئاست بەرز و ئاست نزم دیاری دەکات بۆ بابەتی تاقیکردنەوە، سەبارەت بەو بژاردانەی کە لەلایەن هیچ کام لە خوێندکارانی گروپی بەرز یان نزم دیارییان نەکردووە، ئەوە بژاردەیەکی بێ کاریگەرە دەبێت و لە تاقیکردنەوەکەدا دەسڕێتەوە

(الزاملي و اخرون،٢٠٠٩: ٣٧٩)، توێژەر بە بەکارهێنانی هاوکێشەی دیاریکردنی کارایی هەر جێگرەوەیەك بۆ (٣٠) بڕگەی تاقیکردنەوەکەی دۆزرایەوە، دەرکەوت کە جێگرەوە هەڵەکان سەرنجی زیاتر ژمارەی خوێندکارانی گروپی ئاست نزمی ڕاکیشاوە تا ژمارەی خوێندکارانی گروپی ئاست بەرز، دەرکەوت زۆرینەی جێگرەوەکان شیاون، بڕوانە خشتەی ژمارە ( ٨ ) لەسەرەوە.

### ٥-١-٤-٤ نەگۆڕی تاقیکردنەوەکە

جێگیری تاقیکردنەوە بەو مانایە کە تاقیکردنەوەکە هەمان ئەنجام دەدات یان نزیك لەو ئەنجامەی بەدەستهێنا ئەگەر هاتوو زیاتر لە جارێك جێبەجێ بکرێت (الشجيري والزهيري، ٢٨٢:٢٠٢٢).

توێژەر بەمەبەستی شێوازی (تاقیکردنەوە و دووبارەکردنەوەی تاقیکردنەوە) بەڵام بەهۆی بایکۆتی مامۆستایانەوە نەتوانرا تاقیکردنەوەی دووەم ئەنجام بدرێت، هەربۆیە توێژەر بە هەژمارکردنی هاوکۆلکەی پەیوەندی سپێرمان (Spearman correlation Coefficient)ی بەکارهێنا بۆ دەرهێنانی هاوکۆلکەی جێگیری تاقیکردنەوە بە بەهای (٠,٨٢) پاشان توێژەر هاوکۆلکەی پەیوەندی (سپێرمان براون)ی بەکارهێنا بەم شێوەش بەهای جێگیرێکە گەیشتە (٠,٩١) بۆ زیاتر ڕێژەی متمانەپێکراوی بۆ دەستکەوتی خوێندن (Gronlund,١٩٦٥ :١٢٥) ئاماژە بەوە دەکات کە هەر تاقیکردنەوەیەك جێگیریەکەی لە نێوان (٠,٧٠ – ٠,٩٠) بێت بە تاقیکردنەوەیەکی باش دادەنرێت. پاشکۆی ژمارە (٢١).

## ٥-٢ ئامادەکردنی تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی نزیکراوەی بۆ قوتابیان لە بابەتی مێژوو

لەبەر نەبوونی پێوەرێکی گونجاو بۆ پێوانەکردنی بیرکردنەوەی نزیکراوەی لای خوێندکارانی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی بەرەو بابەتەکۆمەڵایەتیەکان/مێژوو کە لەگەڵ پێداویستییەکانی ئەم توێژینەوەیە بگونجێت، توێژەر هەستا بە ئامادەکردنی تاقیکردنەوەیەك بە سوودوەرگرتن لە توێژینەوەکانی پێشوو (البهادلی،٢٠٢٤ )(هیشان،٢٠٢٤)(مصطفی،٢٠٢١)، توێژەر تاقیکردنەوەیەکی سەرەتایی ئامادەکرد کە بڕگەکان بەشێوەیەك داڕێژراون کە لەگەڵ بابەت و سروشتی نمونەی توێژینەوەکە بگونجێت کە پێکهاتبوولە (٣٠)بڕگە بە شێوازی (هەڵبژاردن) بۆ هەربڕگەیەك (٤) بژاردە لەخۆدەگرێت.

### ٥-٢-١ ڕاستگۆیی لە تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی نزیکراوەی

ڕاستێتی و دروستی تاقیکردنەوەکان ڕاستەخۆ پەیوەندی بەو مەبەستەوە هەیە کە تاقیکردنەوەی لەپێناودا ئامادەکراوە، بەمەبەستی زانینی ڕاستێتی پێوانەکردنی ئەو دیاردەیەی یان ئەو ڕەفتارەی کە بۆی ئامادەکراوە (مخائيل،٢٠١٦: ١٣٦)، بۆ بەدەستهێنانی ڕاستگۆیی توێژەر تاقیکردنەوەکەی خستە بەردەستی کۆمەڵێك لە پسپۆڕانی بوارەکە بۆ وەرگرتنی ڕاو بۆچوونیان لەسەر ڕادەی شیاوی بڕگەکان لە ڕووی دارشتنی زمانەوانی و زانستیەوە وە گونجاندنیان لەگەڵ ئاستی ئەندامانی نموونەی توێژینەوە، پاشان ڕێژەی ڕازیبوون (٩٨%) پسپۆڕان لەسەر بڕگەکان پەسەندکرا.

### ٥-٢-٢ ئەزموونی بەرایی (سەرەتایی) (التجربة الاستطلاعية)

ئامانج لە بەکارهێنانی ئەم ئەزموونکردنە بریتییە لە پشتڕاستکردنەوەی ڕوونی بڕگەکانی تاقیکردنەوە بۆ جێبەجێکردن و دیاریکردنی کاتی پێویست بۆ وەڵامدانەوە، توێژەر ئەزموونیی سەرەتایی لە دەرەوەی نموونەی توێژینەوە ئەنجامدرا کە ژمارەیان بریتیبوو لە (٨٥) خوێندکار لە قوتابخانەی (زریانی بنەڕەتی) ئاگادارکرانەوە بۆ تاقیکردنەوە، لە ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی (٢٠٢٤/١٠/٢٩)، دەرکەوت بڕگەکانی تاقیکردنەوە ڕوون و ئاشکران وهیچ ئاڵۆزیەك و نا ڕوونیيان تێدانییە کە پێویست بە گۆڕانکاری بکات و کاتی تەرخانکراو بۆ تاقیکرنەوەکە بریتی بوو لە (٤٠) خولەك لە ڕێگەی ئەم هاوکێشەی خوارەوە:

$$\text{ماوەی تاقیکردنەوە} = \frac{\text{کۆتا وەڵامدانەوەی خوێندکار + یەکەمین یەکەمین وەڵامدانەوەی خوێندکار}}{٢} \frac{٣٣+٤٧}{٢} = ٤٠$$

### ٥-٢-٣ شیکاری بۆ بڕگەکانی تاقیکردنەوە Test Items Analysis

دوای ئامادەکردنی بڕگەکانی تاقیکردنەوە، بەمەبەستی زانینی ئاستی گرانی بڕگەکان و هێزی جیاکاری و کارایی جێگرەوە هەڵەکان، توێژەر تاقیکردنەوەکەی لە سنووری کۆمەڵگەی توێژینەوە لەسەر نموونەیەك لە دەرەوەی نموونەی توێژینەوە ئەنجامدرا نموونەی بەرایی هاوشێوەکرد لە قوتابخانەی (ڕەوەند جبار فرمانی بنەڕەتی)، کە پێکهاتبوو لە (١٠٠) خوێندکار، ئاگادارکرانەوە بۆ تاقیکردنەوە لە ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی (٢٠٢٤/١٠/٢٩) پاشان ڕیزبەندکردنی ئەو نمرانە بەشێوەی ژماردنی سەر بەرەخوار (تنازلی) لە بەرزترین نمرەوە بەرەو نزمترین نمرە، وە هەڵبژاردن و جیاکردنەوەی ڕێژەی (٢٧%) لە گروپی ئاست بەرز و (٢٧%) لە گروپی ئاست نزم وە کۆی گشتی ژمارەی خوێندکاران دەکاتە (٥٤) خوێندکار، پاشان توێژەر وەڵامی هەردوو گروپی بەشێوەیەکی ئاماری شیکردەوە بۆ دەرهێنانی تایبەتمەندییە سایکۆمەترییەکانی تاقیکردنەوەکە، بڕوانە خشتەی ژمارە ( ٨ ) لەسەرەوە.

### ٥-٢-٤ جێگیری تاقیکردنەوەکە بۆ بیرکردنەوەی نزیکراوەی

توێژەر تاقیکردنەوەی لەسەر (١٠٠) خوێندکار لە خوێندکارانی قوتابخانەی (ڕەوەند جبار فرمانی بنەڕەتی) ئەنجامدا، لەڕۆژی دوو شەممە ڕێکەوتی (٢٠٢٤/١١/١١) پشت بەستراو بە شێوازی (تاقیکردنەوە و دووبارەکردنەوەی تاقیکردنەوە) وە جیاوازی کات لە نێوان

تاقیكردنەوەی یەكەم و دووەم ماوەی نزیكەی (دووهەفتە) بوو بەكاتێكی گونجاو دادەنرێت، بەپێی سەرچاوەكانی پێوانە و هەڵسەنگاندن، بە هەژماركردنی هاوكۆلكەی پەیوەندی پێرسۆن (Pearson correlation Coefficient) لەنێوان تاقیكردنەوەی یەكەم ودووەم بۆ دەرهێنانی هاوكۆلكەی جێگیری تاقیكردنەوە بە بەهای (٠,٧٦) پاشكۆی ژمارە (٢٤) بۆ بیركردنەوەی نزیكراوەیی (Gronlund,١٩٦٥ :١٢٥) ئاماژە بەوە دەكات كە هەر تاقیكردنەوەیەك جێگیریەكەی لە نێوان (٠,٧٠ – ٠,٩٠) بێت یان نزیك لێی بە تاقیكردنەوەیەكی باش دادەنرێت.

### ٦ ئامرازە ئاماریەكان : Statistical Treatment

بۆگەیشتن بە ئامانجی توێژینەوەكە توێژەر هەگبەی ئاماری (**SPSS-version30**) بەكارهێناوە.

## ٤- بەشی چوارەم

## خستنەڕووی ئەنجامەكان توێژینەوەكە وتاوتوێكردنیان

### ٤-١ خستنەڕوی ئەنجامەكان

**٤-١-١ گریمانەی یەكەم** ( جیاوازی مانادارى ئاماری نییە لە ئاستی (٠,٠٥) لە دەستكەوتی خوێندكاران لەبابەتی كۆمەڵایەتی/مێژوو لەنێوان ناوەندە نمرەی گروپی ئەزموونی كەبابەتی وانەكانیان بەپێی ستراتیجییەتی (كارتی پرسیارەكان) پێدەوترێتەوە، لەگەڵ ناوەندە نمرەی خوێندكارانی گروپی كۆنترۆلكراو كەهەمان بابەت بەڕێگەی ئاسایی وەردەگرن).

خشتەی ژمارە( ٩ ) ناوەندەی ژمێرەی و لادانی پێودانگی و بەهای تی(T.test) ئەژماركراو و خشتەیی لە نێوان خوێندكارانی هەردوو گرووپ بۆ دەستكەوتی خوێندن لە بابەتی مێژوودا

| گروپ | ژمارەی خوێندكاران | ناوەندی ژمێرەی | لادانی پێودانگی | نرخی تی | | ئاستی بەڵگەداری (٠،٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | ئەژماركراو | خشتەیی | |
| **ئەزموونی** | ٢٠ | ٢٢,٣٥ | ٢,٨٧ | ٣,٤٣ | ٢,٠٢٤ | بەڵگەدارە |
| **كۆنترۆڵكراو** | ٢٠ | ١٩,٤٥ | ٢,٤٦ | | | |

بەپێی خشتەی( ٩ ) ئەنجامەكان ئەوە دەردەخەن كە جیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەیە لە نێوان ناوەندی ژمێرەی گرووپی ئەزموونی بەراورد بە گروپی كۆنترۆڵكراو لە ئاستی تاقیكردنەوەی دەستكەوتی خوێندكاران لە بەرژەوەندی گروپی ئەزموونی. واتە (ستراتیجی كارتی پرسیارەكان) كاریگەری هەبووە لە بەرزكردنەوەی ئاستی دەستكەوتی خوێندكاران لە بابەتی مێژوو بەراورد بە رێگە ئاسایی، بەم ئەنجامەش گریمانەی (سفری ) كە تویژەر دایانبوو ڕەتدەكرێتەوە و گریمانەی جێگرەوە(البدیل) پەسەند دەكرێت، واتە هەبوونی جیاوازی لەنێوان هەردوو گروپ. بروانە خشتەی ژمارە (٩).

**٤-١-٢ گریمانەی دووەم**: ( جیاوازی مانادارى ئاماری نییە لە ئاستی (٠,٠٥) لە نێوان ناوەندە نمرەی خوێندكارانی گروپی ئەزموونی كە بە ستراتیجییەتی (كارتی پرسیارەكان) وانەیان پێدەوترێتەوە، لەگەڵ ناوەندە نمرەی خوێندكارانی گروپی كۆنترۆڵكراو كەهەمان بابەت بەڕێگەی ئاسایی وانەیان پێدەوترێتەوە لە تاقیكردنەوەی پێشی و پاشی گەشەپێدانی بیركردنەوەی نزیكراوەیی بەرەو بابەتی خوێندن).

خشتەی ژمارە( ١٠ ) ناوەندەی ژمێرەی و لادانی پێودانگی و بەهای تی(T.test) ئەژماركراو و خشتەیی لە نێوان جیاوازی نمرەكانی پێشی وپاشی خوێندكارانی هەردوو گرووپ خوێندكاران لە گەشەپێدانی بیركردنەوەی نزیكراوەی بەرەبابەتی مێژوو

| گروپ | ژمارەی خوێندكاران | ناوەندی ژمێرەی | لادانی پێودانگی | نرخی تی | | ئاستی بەڵگەداری (٠،٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | ئەژماركراو | خشتەیی | |
| **ئەزموونی** | ٢٠ | ٦,٨٠ | ٣,٤٧ | ٣,٠١٩ | ٢,٠٢٤ | بەڵگەدارە |
| **كۆنترۆڵكراو** | ٢٠ | ٣,٦٥ | ٣,١٢ | | | |

لە خشتەی (١٠) دەردەكەوێت كە جیاوازی مانادارى ئاماری هەیە لە نێوان ناوەندە ژمێرەی جیاوازی نمرەكانی پێشی وپاشی خوێندكارانی گروپی ئەزموونی بەراورد بە ناوەندە ژمێرەی نمرەكانی پێشی وپاشی خوێندكارانی گروپی كۆنترۆڵكراو لە بەرژەوەندی گروپی ئەزموونی دایە، واتە ستراتیجی (كارتی پرسیارەكان) كاریگەری هەیە لە بەرزكردنەوەی ئاستی خوێندكاران لە گەشەپێدانی بیركردنەوەی نزیكراوەی بەرە بابەتەكۆمەڵایەتیەكان /مێژوو بەراورد بە رێگە ئاسایی، بەم ئەنجامەش گریمانەی (سفری ) كە تویژەر دایانبوو ڕەت دەكرێتەوە و گریمانەی جێگرەوە(البدیل) پەسەند دەكرێت ، واتە هەبوونی جیاوازی لەنێوان هەردوو گروپ. بروانە خشتەی ژمارە (١٠).

**٤-٢ تاوتوێكردنی ئەنجامەكان :** لەبەر رۆشنایی ئەنجامەكان كە لە خشتەكان (٩) و (١٠) خراوەتەروو توێژەر گریمانەی (سفری) ڕەتدەكاتەوە و گریمانەی ئەڵتەرناتیف (جێگرەوە) پەسەند دەكات، ئەمەش بەو مانایە دێت كە لە رووی ئامارییەوە جیاوازییەكی بەرچاو لە دەستكەوتی و گەشەپێدانی بیركردنەوەی نزیكراوەی لای خوێندكارانی پۆلی شەشەمی بنەرەتی بەرەو بابەتی مێژوو هەیە، لە نێوان هەر دوو گرووپی توێژینەوە لە بەرژەوەندی گرووپی ئەزموونی كە بابەتەكەیان خوێندوە بەپێی ستراتیجی (كارتی پرسیارەكان) بەراورد بە گرووپی كۆنترۆڵكراو كەهەمان بابەت بەڕێگای ئاسایی وەرگرتووە.

بۆیە ئەنجامی توێژینەوەکە ئەوە ڕووندەکاتەوە کە گۆڕاوی سەربەخۆی توێژینەوە (ستراتیجی کارتی پرسیارەکان) کارایی هەیە جیاوازی لەسەر خوێندکارانی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی لە دەستکەوتی و گەشەپێدانی بیرکردنەوەیان دەربارەی بابەتی کۆمەڵایەتی لە پرۆسەی فێرکردندا دروووستبکات ، هەروەها وا لە خوێندکار دەکات ببنە چەق و ناوەندی سەرەکی چالاکی بابەتەکە ، چونکە خوێندکار بەشداری وانەکە دەکات و پرسیار دەکات و وەڵام دەداتەوە و بوار ناهێڵێتەوە خوێندکار بێ ئاگابێ لە وانەکەی، هەڵبەتە ئەمەش وایان لێدەکات باوەڕیان بەخۆیان بێت کاتێک ماملۆستا دەیەوێت بەهاو بیرێکی دیاریکراو لەنێوانیان بچێنێت، چەندین لێهاتوویی وەک خوێندنەوە و دروستکردنی پرسیار و ئاڵوگۆڕی بیرۆکەکان پەرە پێدەدات، ئەمەش دەبێتە هۆی دروستکردنی پەیوەندیەکی کۆمەڵایەتی لە نێوان خوێندکاران بە هۆی ئەو ژینگەیەی کە بۆیان ڕێکخراوە لەلایەن مامۆستاوە لەنێو پۆلی خوێندندا و، مانەوەی ئەو زانیارییانە لە هزریاندا بۆ ماوەیەکی دوورو درێژتر لە داهاتوودا، سەرئەنجام گەشە بە بیرکردنەوە بەرەو بابەتەکە زیاتر دەبێت و بە ئەرێنی کاردەکاتە سەر بەرزبوونەوەی ئاستی دەستکەوتی خوێندن خوێندکارانی گرووپی ئەزموونی بەراورد بە گرووپی کۆنترۆڵکراو.

## ٥- بەشی پێنجەم : دەرئەنجام و ڕاسپاردە و پێشنیازەکان

### ٥-١ دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە

لەبەر ڕۆشنای ئەنجامەکان و سنوری توێژینەوەکە توێژەر ئەم دەرئەنجامانە دەخاتە ڕوو:-

١- بەکارهێنانی ستراتیجی کارتی پرسیارەکان لە بابەتە کۆمەڵایەتییەکانی پۆلی شەشەمی بنەڕەتیدا کارایی بەر چاوی هەیە، لە مانەوەی دەستکەوتی و زیادکردنی نمرەی خوێندن لای خوێندکاران بۆ بابەتەکە بەراورد بە ڕێگەی ئاسایی.

٢- بەکارهێنانی ستراتیجیەتی (کارتی پرسیارەکان) لەوانەوتنەوەی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان پۆلی شەشەمی بنەڕەتیدا بەشێوەیەکی کاریگەر بەشداریکرد لە پەرەپێدانی بیرکردنەوەی نزیکراوەیی لای خوێندکاران بەراورد بە ڕێگەی ئاسایی.

٣- ستراتیجی (کارتی پرسیارەکان) بەشداریکرد لە هاندانی ئازادی بیروڕای خوێندکاران و گەڕان و پرسیارکردن، و بەشداریکردنی ئەرێنی و بەرزکردنەوەی ڕۆحی کێبڕکێی لە نێوانیاندا.

### ٥-٢ ڕاسپاردەکان

پشت بەست بە ئەنجامەکانی توێژینەوەکە توێژەر ئەم ڕاسپاردانە دەخاتەڕوو :-

١- ڕێکخستنی خولی مەشق و ڕاهێنان بۆ مامۆستایانی بابەتەکۆمەڵایەتیەکان لەوەزارەتی پەروەردە ، بۆ ئاگادارکردنەوەیان لەبەکارهێنانی لە ستراتیجەکانی فێربوونی چالاك لە نێویشیاندا ستراتیجی (کارتی پرسیارەکان) و چۆنێتی جێبەجێکردنی لە وانەوتنەوەدا .

٢- هانی مامۆستایانی مێژووی قۆناغە جیاوازەکان بدرێت بۆ بەکارهێنانی ستراتیجی (کارتی پرسیارەکان) لە وانەووتنەوەدا لەبەر ئەوەی کار لەسەر فێربوونێکی چالاك و بەدیهێنانی ئامانجەکانی بابەتی مێژوو دەکاتەوە.

٣- پێویستە مامۆستایان بەگشتی گرنگی بدەن بە دانانی ستراتیجییەکانی فێربوونی چالاك لە نێویاندا ستراتیجیەتی (کارتی پرسیارەکان) لە ناو کۆرس بووک و پرۆگرامی ئەو مامۆستایانەی کە بابەتی ڕێگاکانی وانەوتنەوە دەڵێنەوە.

٤- گرنگیدانی مامۆستایانی قۆناغەکانی بنەڕەتی بۆ پەرەپێدانی بیرکردنەوەیان بەرەو بابەتی خویندن، ئەویش لە ڕێگای پەیرەوکردنی ئەو ستراتیجانەی کە جەختت دەکاتەوە لە سەر بەشداریکردنی خوێندکار لە کردارەکانی فێربووندا.

### ٥-٣ پێشنیازەکانی توێژینەوەکە

لەبەر ڕۆشنایی ئەنجامەکان توێژەر پێشنیاری ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیانەی خوارەوە دەکات لە داهاتوودا:

١- ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی هاوشێوەی ئەم توێژینەوەیە بۆ بابەتە کۆمەڵایەتییەکان/ جوگرافیا لەسەر هەمان پۆلی بەرتوێژی ئەم توێژینەوەیە.

٢- ئەنجامدانی توێژینەوەیەك لەسەر ستراتیجی (کارتی پرسیارەکان) بۆ بابەتی مێژووی قۆناغە جیاوازەکانی خوێندن بۆ دیاریکردنی کارایی لەسەر گۆڕاوەکانی تر وەك: گەشەپێدانی بیرکردنەوەی داهێنەرانە ، پاڵنەری فێربوون ، بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە ، بیرکردنەوەی شیکاری.

٣- ئەنجامدانی توێژینەوەی هاوشێوەی ئەم توێژینەوەیە بە وەرگرتنی گۆڕاوی ڕەگەز بۆ بەراوردکردنی نێوان (کوڕ و کچ) لە پێناو دیاریکردنی پەرەپێدانی بیرکردنەوەیان بەرەو بابەتی خویندن.

٤- ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی بەراوردکاری لە نێوان ستراتیجی کارتی پرسیارەکان و ستراتیجیەکی دیکەی لە ستراتیجەکانی فێربوونی چالاک.

٥- ئەنجامدانی توێژینەوە بۆ هەڵسەنگاندنی ئاستی جێبەجێکردن و ئەدای ماموستایان لە ستراتیجەکانی فێربوونی چالاکدا.

## لیستی سەرچاوەکان


١- البرزنجی، نرمین علی محمد (٢٠٢٢) : کاریگەریی ئاوێتەکردنی هەندێك لە ستراتیژەکانی فێربوونی کارا لە وانەوتنەوەی بابەتە کۆمەڵایەتیەکان لەسەر بەدەستهێنانی خوێندکارانی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی، نامەی ماستەر، (بڵاونەکراوە)، کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی سلێمانی.

٢- باداوەیی، سەردار عوسمان و شێخانی، عامر عبداللە، (٢٠١١) ڕێگاکانی توێژینەوەی زانستی، چاپخانەی شهاب، چاپی دووەم، هەولێر.

٣- عزیز کریم احمد (٢٠٢١) ستراتیژە نوێیەکانی وانەوتنەوە، هەولێر، چاپی یەکەم، چاپخانەی نارین، هەولێر.

٤- عزیز، عزالدین احمد، سلیمان، شوبۆ شمس الدین، (٢٠٢٤) ڕیبازەکانی توێژینەوە لە زانستە مرۆڤایەتیەکان، چاپخانەی فێربوون، چاپی یەکەم، هەولێر.

٥- قادر، ڕەمەزان حمەدەمین، (٢٠٢٣) ئامانجەکانی پەروەردە و فێرکردن، چاپخانەی تاران، چاپی یەکەم، تاران.

٦- قەرەچەتانی، کەریم شریف، (٢٠١٨) پێوانە و هەڵسەنگاندنی پەروەردەیی، چاپخانەی پەیوەند، سلێمانی.

٧- محمد، خەلات عبدولقادر (٢٠١٥) : کاریگەری بەکارهێنانی ستراتیجییەتی هەژاندنی مێشک لەسەر دەستکەوتی قوتابیانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لە ئەدەبی کوردیا و گەشەپێدانی باوەڕبەخۆبوون و ئارەزوویان بۆ خوێندن و فێربوونی ئەدەب، نامەی ماستەر، (بلاونەکراوە)، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.

٨- محمد، سەرکەوت جمال، (٢٠٢٠) ڕێبازی لێکۆڵینەوەی دەروونزانی و پەروەردەیی، جۆری چاپ (pdf)، سلێمانی.

٩- محمد، هەڵۆ کەریم (٢٠٢٢) : کارایی بەکارهێنانی ستراتیژی کارتە کراوەکان لەسەر دەستهاتی خوێندن و گەشەپێدانی پاڵنەری فێربوون لای قوتابیانی پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی لە بابەتە کۆمەڵایەتییەکان، نامەی ماستەر، (بلاونەکراوە)کۆلێژی پەروەردە بنەڕەت، زانکۆی سلێمانی.

١٠- مصطفی، کنعان اسماعیل عبداللە (٢٠٢٣) : کارایی بەکارهێنانی ستراتیژی کورسی گەرم لەسەر دەستهات لای خوێندکارانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی و ئاڕاستەیان دەربارەی بابەتی کۆمەڵایەتی، نامەی ماستەر، (بلاونەکراوە)، کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی سلێمانی.

١١- إبراهيم، هديل ساجد، فاعلية تدريس وحدة بناء جسم الكائن الحي باستراتيجية تسلسل الإجابات في التفكير التقاربي واتخاذ القرار لدى طالبات الصف الأول المتوسط في مادة العلوم، مجلة التربية للعلوم الإنسانية، كلية التربية للعلوم الصرفة، جامعة ديالى، العدد (١٤)، (٢٠٢٤)، ل٢٠٤.

١٢- إبراهيم، هيثم صالح و محمد، الأمين صالح ناصر الحاج، فاعلية أنموذج سكمان الاستقصائي في تحسين مهارات التفكير التقاربي والتباعدي والاتجاهات نحو اللغة العربية لدى طلبة المرحلة الاعدادية، مركز البحوث النفسية، كلية التربية الحصاحيصا، جامعة الجزيرة، العدد (٢)، (٢٠٢٠)، ل١٥٩.

١٣- أبو دكة، محمد صادج محمد، اثر تدريس مادة الاجتماعيات باستراتيجية الترتيب الخفي في تحصيل تلميذات الصف الخامس الابتدائي، المجلة المحكمة، وزارة التربية - مديرية تربية الرصافة / ٣، الجامعة العراقية، عدد (٢٦)، (٢٠٢٤)، ل٣٠٥.

١٤- أبو شمس، منال خيري، (٢٠١٦) : أثر استخدام إستراتيجية حل المشكلات في تنمية الأمن الفكري لدى طلبة الصف العاشر الأساسي في محافظة طولكرم، رسالة ماجستير، (غير منشورة)، بكلية الدراسات العليا في جامعة النجاح الوطنية في نابلس. فلسطين.

١٥- البهادلي، أحمد عبد الواحد عبدالكريم (٢٠٢٤) : فاعلية استراتيجية ملخصات المغناطيس في اكتساب المفاهيم الأحيائية لدى طلاب الصف الثاني المتوسط وتفكيرهم التقاربي، رسالة ماجستير (غير منشورة)، جامعة سومر، كلية التربية الأساسية قسم العلوم.

١٦- البيضاني، وليد خالد عبد، أثر تدريس الفيزياء باستخدام إستراتيجية KWHLAQ في التحصيل والتفكير التقاربي عند طلاب الصف الثالث المتوسط، مجلة كلية التربية الاساسية، وزارة التربية - مديرية تربية الرصافة الثانية، العدد (١١٠)، (٢٠٢١)، ل١٧٥.

١٧- الحلفي، انتصار عودة موسى، (٢٠١٨) : اثر استراتيجيتي اسئلة البطاقات واللوحات المعلقة في تنمية مهارات القراءة والتفكير التأملي عند تلاميذ الصف الثالث الابتدائي، أطروحة دكتوراه، (غير منشورة)، جامعة بغداد كلية التربية للعلوم الإنسانية ابن رشد قسم العلوم التربوية والنفسية طرائق تدريس اللغة العربية، بغداد العراق.

١٨- الدريج، محمد، جمال الحنصالي و علي الموسوي وسام عمارو علي سعود حسن و محمد الشيخ حمود (٢٠١١) : معجم مصطلحات المناهج وطرق التدريس، المنظمة العربية للتربية والثقافة والعلوم (السكو)، مكتب تنسيق التعريب في الوطن العربي، الرباط- المغرب.

١٩- الرياشي، منال صالح مصطفى، (٢٠١٦) : أثر توظيف الألعاب التعليمية على تنمية التفكير الاستقرائي والتفاعل الاجتماعي في النحو العربي لدى طالبات الصف السادس الأساسي بغزة، رسالة ماجستير، (غير منشورة)، بكلية التربية في الجامعة الإسلامية بغزة.

٢٠- الزاملي، علي عبد جاسم و الصارمي، الله بن محمد و كاظم، علي مهدي، (٢٠٠٩) مفاهيم وتطبيقات في التقويم والقياس التربوي، الطبعة الأولى، مكتبة الفلاح للنشر والتوزيع، بيروت،الكويت.

٢١- الشجيري، ياسر حلف و الزهيري، حيدر عبد الكريم، (٢٠٢٢) اتجاهات حديثة في القياس والتقويم النفسي والتربوي، الطبعة الأولى، مكتبة المجتمع العربي للبشر والتوزيع، عمان - الأردن.

٢٢- الشمري، ماشي بن محمد، (٢٠١١) : ١٠١ استراتيجية في التعلم النشط، السعودية وزارة التربوية والتعليم.

٢٣- لصائغ، آمنة حاتم عبد الواحد ٢٠١٤ ، أثر إستراتيجية تومس وروبنسون (PQ4R) في تحصيل طالبات الصف الثاني المتوسط في مادة الجغرافية"، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة بابل كلية التربية الأساسية طرائق تدريس الاجتماعيات بابل العراق.

٢٤- الصيادي، هتان محمد صالح و ابوالهمايل، أحمد عبد المجيد، فاعلية برنامج تدريبي لتنمية مهارات التدريس النشط المعلمي العلوم في مستوى الاستيعاب المفاهيمي والمهارات الحياتية لدى طلابهم بالمرحلة الابتدائية، مجلة كلية التربية جامعة الأزهر العدد (١٨٣)، (٢٠١٩)، ل١٣٤.

٢٥- الظاهر، زكريا محمد، جاكلين تمرجيان، و جودت عزت عبد الهادي، (١٩٩٩) مبادئ القياس والتقويم في التربية، الطبعة الأولى، دار الثقافة، عمان.

٢٦- العباجي، ندى فتاح زيدان ذنون، (٢٠٠٢) : أثر برنامج الكورت التعليمي في تنمية بعض مهارات الإدراك - التفكير الناقد - التفكير التقاربي لدى طلاب ثانوية المتميزين في محافظة نينوى، (غير منشورة)، مجلس كلية التربية في جامعة الموصل، علم النفس التربوي.

٢٧- العبدالله، هادي كطفان و الشرهاني، عفاف كامل، أساليب التعلم في مادة الفيزياء لدى طلبة الصف الرابع العلمي، مجلة القادسية في الآداب والعلوم التربوية، الجامعة القادسية، العدد (١)، (٢٠٢٤)، ل١٧.

٢٨- المعاضيدي، عمر فالح عبد اللطيف، أثر استخدام استراتيجية اسئلة البطاقات في تحصيل تلاميذ الصف الرابع الابتدائي في مادة القرآن الكريم والتربية الاسلامية ومستوى الطموح لديهم، مجلة كلية العلوم الإسلامية، العدد (٣٠)، (٢٠٢٤).

٢٩- النساء، ستي خير، (٢٠٢٠) : فعالية تطبيق استراتيجية أسئلة البطاقات (Quiz Quiz Trade) لترقية مهارة الكلام الطلاب الفصل الحادى عشر في المدرسة الثانوية والي سونجو سوقيه وراس بوجونكارا، (غير منشورة)، جامعة سونان أمبيل الإسلامية الحكومية كلية التربية.

٣٠- اليازوري، محمد عبد السلام سلمان، (٢٠١١) : تقويم محتوى منهاج القضايا المعاصرة للمرحلة الثانوية في ضوء التوجهات المعرفية الحديثة ومدي اكتساب الطلبة لها، رسالة ماجستير، (غير منشورة)، الجامعة الإسلامية - غزة عمادة الدراسات العليا كلية التربية قسم / المناهج وطرائق التدريس.

٣١- الياسري، رائد كصاد عزيز، (٢٠٢٤) : فاعلية برنامج تعليمي تفاعلي على وفق نظرية الدراسة المستقلة ورسوم الانميشن في التحصيل والذاكرة المستقبلية عند طلبة كليات التربية الاساسية، أطروحة الدكتوراه، (غير منشورة)، كلية التربية الأساسية، جامعة بابل، العراق.

٣٢- اليعقوبي، حيدر (٢٠١٣) التقويم والقياس في العلوم التربوية والنفسية رؤيا تطبيقة، ط ١، مركز المرتضى للتنمية الاجتماعية، بغداد العراق.

٣٣- حماد، ابراهيم مصطفى، (٢٠٠٨) مساق الاختبارات النفسية (عملي) اختبار المصفوفات المتتابعة الملون لـ "جون رافن (CPM)، كلية التربية، الجامعة الإسلامية - غزة.

٣٤- رزوقي، رعد مهدي ولطيف استبرق مجيد علي، (٢٠١٩) : التفكير وأنماطه، دار الكتب العلمية بيروت.

٣٥- رفاعي، عقيل محمود (٢٠١٢) : التعلم النشط المفهوم والاستراتيجيات، وتقويم نواتج التعلم، ط١، دار الجامعة الجديدة للنشر، الإسكندرية، مصر.

٣٦- زاير، سعد علي، وعايز، أيمان إسماعيل، (٢٠١١ ) : مناهج اللغة العربية وطرائق تدريسها، مؤسسة مرتضى للكتاب العراقي، بغداد، العراق.

٣٧- زيتون، كمال عبد الحميد (٢٠٠٣) التدريس نمازجه ومهاراته الطبعة الأولى عالم الكتب القاهرة.

٣٨- سليمان، حسين علي محمد و أبو علام، رجاء محمود، (٢٠١٠) القياس والتقويم في العلوم الانسانية أسسه وأدواته وتطبيقاته، دار الكتب الحديثة، القاهرة.

٣٩- شامية، نسرين رمضان، (٢٠١٢) : أثر استخدام نموذج القبعات الست لتنمية مهارات التعبير الإبداعي الكتابي لدى طالبات الصف السادس الأساسي، رسالة ماجستير، (غير منشورة)، كلية التربية قسم المناهج وطرق التدريس، الجامعة الإسلامية - غزة.

٤٠- عبيدات، محمد و أبو نصار، محمد و مبيضين، عقلة، (١٩٩٩) منهجية البحث العلمي القواعد والمراحل والتطبيقات، المكتبة الوطنية،الطبعة الثانية، عمان.

٤١- علي، ژيان عبد الكريم، أثر إستراتيجيتي أسئلة البطاقات واللوحات المعلقة في تنمية الفهم القرائي عند تلامذة الصف الرابع الأساسي، مجلة نسق، كلية التربية ابن رشد للعلوم الانسانية، جامعة بغداد، عدد (٣١)، (٢٠٢١)، ل٢٤٨.

٤٢- عودة، احمد، (٢٠٠٠) القياس التقويم في العملية التدريسية، الطبعة الأولى، دار الأمل، اربد الاردن.

٤٣- فردوس، غنى، (٢٠١٨) : استخدام استراتيجية أسئلة البطاقات (Trade Quiz Quiz) في تعليم المفردات لدى تلاميذ مدرسة دار الحكمة المتوسطة الإسلامية بامولائج"، شهادة الدرجة الجامعية الأولى (غير منشورة)، جامعة شريف هداية الله الإسلامية الحكومية جاكارتا، اندنوسيا.

٤٤- مصطفى، تارة اقدام، (٢٠٢١) : أثر استراتيجية الأبعاد السداسية (PDEODE) في تنمية التفكير التقاربي والتباعدي لدى تلاميذ الصف الخامس الابتدائي في مادة العلوم، رسالة ماجستير، (غير منشورة)، كلية التربية الأساسية، جامعة الموصل.

٤٥- هيشان، سارة جعفر فاضل، أثر استراتيجية الأمواج المتداخلة في تنمية التفكير التقاربي لدى طالبات الصف الرابع الادبي في مادة علم الاجتماع، كلية التربية للعلوم الانسانية، جامعة تكريت، مجلة نسق، عدد (٥)، (٢٠٢٤).

46- Fox-Cordamone L. & Rue S. (2003): Students Responses to Active Learning Strategies. An Examination to small-Group and Whole-CLASSdiscuss Discussion. Research for Education Reform. Vol. 8 -N.3.44

47- Frank Edward. (2003): teaching faster reading, amanual, cambridag: the university press.

48- Gronlund, Norman Edward (1965): Measurement & Evaluation in Teaching. New York McMillan

49- Kiss, H. O. (1996) Statistical concepts for behavioral science, London, Sydney, Toronto. Allen and Bacon.

50- Marzano, R., Pickering, D. & Pllock, J. (2001). Research-based strategies for increasing student achievement. Classroom instruction that works, Alexandria VA: Association for Supervision and Curriculum Development.

Available online at http://aran.garmian.edu.krd

Aran Journal for Language and Humanities

https://doi.org/10.24271/ARAN.2025.01-01-20

# The Effectiveness of Using Question Cards Strategy on Achievement and Development of Convergent Thinking among Sixth Grade Elementary Students in Social Studies

**( extracted research from a Master's thesis)**

**Ahmed Hassan Hussain[1], KARIM AHMED AZEEZ[2], Ahmad Muhamad Nasr[3]**

1) Department of Social Sciences, College of Basic Education, Garmian University, Kurdistan Region, Iraq
2) Department of Kindergarten, College of Basic Education, University of Garmian, Kurdistan Region – Iraq
3) Department of History, College of Education, University of Garmian, Kurdistan Region – Iraq

**Article Info**

| | |
|---|---|
| **Received:** | **May, 2025** |
| **Accepted:** | **July, 2025** |
| **Published:** | **August , 2025** |

**Keywords**

( Effectiveness ,Question Cards Strategy , achievement Development of Convergent Thinking)

**Corresponding Author**

ahmadjaff195@gmail.com
Karem.ahmad@garmian.edu.krd
ahmad.nsir@garmian.edu.krd

## Abstract:

This study aimed to investigate (The effectiveness of using the Question Cards Strategy on academic achievement and the development of Convergent thinking among sixth-grade elementary students in social studies. The researcher employed a quasi-experimental design, which was appropriate for the study's methodology. The research population comprised sixth grade students from the Kalar Education Directorate. Sheikh Hussein Primary School was purposefully selected due to the presence of multiple sixth-grade classes. Two groups were randomly selected and balanced across key variables, including prior achievement in social studies, age, intelligence level, parental education, and results from a prior knowledge test.

Three instructional units from the social studies textbook were selected as the experimental content. Based on these units, 150 instructional objectives were developed according to Bloom's taxonomy within theیcognitive domain, covering the levels of remembering, understanding, application, and analysis. An achievement test consisting of 30 multiple-choice questions and a Convergent thinking test comprising 30 items were constructed. Both instruments were validated and confirmed reliable through appropriate statistical analyses. Data were analyzed using SPSS version 30.

The results indicated statistically significant differences in post-test scores of deductive thinking between the experimental and control groups, in favor of the experimental group. Additionally, the achievement scores of the experimental group were significantly higher than those of the control group. Based on these findings, the researcher offered several recommendations and suggestions for educational practice and future research.